# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

سێ شەممە ٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ ـ ٢٢ی مارسی ٢٠١٦ | ژمارە: ٦٧٦ | www.kurdistanukurd.com




## هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز، نەورۆزتان پیرۆز

بە بۆنەی هاتنی نەورۆز و ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکێشی خەڵکی کوردستان و خوێنەران و ئۆگرانی بەڕێزی "کوردستان" دەکەین. بەو هیوایە کە ساڵی تازە، ساڵێکی پڕ لە دەسکەوت و شادی و خۆشی بۆ نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان و جیهاندا بێ.

**بەڕێوەبەران و کارگێڕانی "کوردستان"**



### خالیدی عەزیزی:

# حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکان و کادرەکانی، لە ژێر ڕووناکایی خەباتی فرەڕەهەندیدا تێدەکۆشن لە ساڵی داهاتووشدا ئەرک و وەزیفەی خۆیان بە جێبگەیێنن



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی نەورۆز و ساڵی تازەوە پەیامێکی بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی کورد نارد. کاک خالید عەزیزی لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا هیوای خواست ساڵی نوێ بە ئەزموون وەرگرتن لە ساڵانی ڕابردوو ساڵێکی پڕ دەسکەوت بۆ هەموو تاکەکانی کورد لە ئێران‌و خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا باسی لەو ئەرکانە کرد کە لە درێژەی ژیانی سیاسی‌و خەباتی نەتەوەییدا دەکەوێتە سەر شانی هەموو لایەک. بەڕێزیان گوتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و پێشمەرگەکانی لە خەباتی فرە ڕەهەندیی خۆیان بەردەوام دەبن، ئەرکوە وەزیفەی ئێمەش کاتێک دەگاتە بەرهەم کە ئێمە وەک کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەکە نەتەوە هەموو پێکەوە، بە یەکیەتیی نەتەوەیی جیاواز لەوەی ئێمە ناوچە، ئایین‌و زاراوی جۆراوجۆرمان هەیە، بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بینەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لەو بەشە لە پەیامەکەیدا پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە لەو پێناوەدا مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی قوتابخانەو خوێندنگەکان، خەڵکی بازاڕی، چالاکانی سیاسی، مەدەنی، ئەدەبی، ژینگەپارێزان، هونەرمەندان‌و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ‌و سەرجەم تێکۆشەرانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە ژن‌و بە پیاو، لاوو پیر هەموو ئەرکمان دەکەوێتە سەرشان‌و هەمووی ئەوەش لە پێناو بەهێزکردنی ماف‌و داواکانی خۆمانە.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا ڕوو لە نوێنەرانی شارو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە مەجلیس گوتی هەموو تێکۆشانەکان دەبێ بۆ خەڵک بێ‌و بۆیە دەبێ هەمیشە لەگەڵ خەڵکی خۆیان بن. بەڕێزیان گوتی ئەگەر نوێنەرانی شارەکانی کوردستان لە مەجلیس لەوێ هەن، ئەوە ئاکامی دەنگی خەڵکی ناوچەکانی خۆیانەو، سەرەڕای تەعەهوداتی ناوچەیی خۆیان تەعوهوداتی نەتەوەییشیان دەکەوێتە سەرشان. ئەویش ئەوەیە کە لە هەموو بەستێن‌و زەرفییەتەکاندا داکۆکی لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بکەن.

دەقی پەیامی نەورۆزی بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی لەم ژمارەیە کوردستان‌دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

## ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ و، پەیامێک بۆ یەکبوون

**نووسینی: سمایل شەرەفی**

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە پێشوازی ساڵی نوێی هەتاوی و ڕێورەسمەکانی چوارشەممە سووری و بەتایبەت بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەکانی نەورۆزدا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشانیان دایەوە کە ئەم گەلە «هەر زیندووە» و ئاڵای شۆڕش و خەباتی بۆ وەدیهێنانی ئارمانجە نەتەوەییەکانی قەت نانەوێ.

خەڵکی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای هەڕەشەو گوشاری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە خۆئامادەکردنێکی ڕێکخراو و، بە کلتووری کۆن و لەمێژینەی خۆیان – هەر لە پۆشینی جل و بەرگی جوان و ئاڵ و واڵای کوردی و چڕینی سروودو و گۆرانیی کوردییەوە بگرە تا کردنەوەی ئاوری سووری چوارشەممەسووری و نەورۆز– بە شێوەیەکی بەربڵاو و، لە هەمانکاتدا مانادار ڕێورەسمەکانی نەورۆز و سەری ساڵی نوێیان بەڕێوە برد.

لە گەڵ ئەوە کە ئەم جۆرە ڕێورەسمانە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا –جارێک بەشێوەی بەربڵاو و بەرچاو و، ساڵێکی تر بە شێوەی کەمڕەنگ –بەڕێوەچوون، بەڵام ئەوەی ئەمساڵ لە چەند ڕوویەکەوە دەتوانین بڵێین جیاوازتر لە ساڵانی پێشتر بوو.

ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ لە ئاستێکی بەربەرینتر لە ساڵانی ڕابردوودا بەڕێوەچوون. بەو هۆیەوەکە گوشارێکی ئەمنییەتی بە سەر فەزای شارەکانی کوردستان دا زاڵە، ئەم ڕێورەسمانە لە شارە گەورەکاندا ئیزنی بەڕێوەچوونیان پێ نەدرا، بەڵام هەر وەک دیتمان لە زۆرێک لە شارەدێیەکانی کوردستان و بە حزوور و بەشداریی خەڵکێکی زۆری شارەکانی کوردستان، بڵێسەی ئاوری نەورۆز پەیامی بە گوێی دۆست و دوژمن دا دا.

هەر وەک باس کرا، ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ ڕێکخراوتر لە ساڵانی ڕابردوو بەڕێوەچوون. بەو مانایە کە چالاکانی فەرهەنگی، مەدەنی و ژینگەپارێزی هەر ناوچەیەک بە هەماهەنگی لە گەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیە، هەوڵیان دابوو کە تواناکانیان بخەنە سەر یەک و بە کۆکردنەوەی خەڵک لە شوێنێکی دیاریکراو بەرنامەیەکی تایبەت و فرەچەشن پێک بێنن. کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆرتر لە ساڵانی ڕابردوو لە ڕێورەسمەکان و کۆتایی هێنان بە کۆڕو کۆبوونەوەی چووکەو لێکبڵاو لەم ساڵدا، نیشانەیەکی دیکەی ڕێکخرابوونی ڕێورەسمەکانە کە پەیامێکی خۆش بڵاودەکاتەوە. ئەو پەیامەش ئەوەیە کە بە خۆشییەوە خەڵک بە ئاستێک لە خۆڕێکخستن گەیشتووە کە دەکرێ بۆ هەرچی بە ڕێکخراوترکردنی وزەو تواناکانی کۆمەڵگای کوردستان پشتی پێ ببەستین.

درێژە ل٢



کارەساتی هەڵەبجە و ناسینی بە ژینوساید

٦



ئەوەی ئەحمەد شەهید نەیدی

٧



تاقی کردنەوەی مووشەکیی ڕێژیم بە چ مەبەستێک؟!

٨



قۆناخی دووەمی هەڵبژاردن و ئەرکی پارڵمانتارانی کورد

٨

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٦

(بەشی دووەم)

٩

## داعش بەرپرسایەتیی پەلاماری تێرۆریستیی "بێلژیک"ی وەئەستۆ گرت

سەر لە بەیانی ڕۆژی سێشەممە ٣ی خاکەلێوە، ٣ تەقینەوە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی برووکسێل و وێستگەیەکی مێترۆ لەم شارە ڕووی دا. بەپێی ڕاپۆرتەکان، لە ڕەوتی ئەم پەلامارانەدا دەیان کەس کوژراون‌و بە سەدان کەسی دیکەش بریندار بوون. هەروەها ئەم تەقینەوانە بوون بە هۆی وەستانی خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی گشتیی پێتەختی بێلژیک.

فرانسوا هۆلاند، سەرکۆماری فەرانسە، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕایگەیاند کە بەهۆی ئەم تەقینەوە تێرۆریستییانەی کە لە برووکسێل ڕوویان داوە، هەموو ئورووپا کراوەتە ئامانج.

باراک ئۆباما سەرکۆماری ئامریکاش، هاوکات لەگەڵ مەحکووم کردنی پەلامارە تێرۆریستییەکانی بێژیک، پشتراستی کردەوە کە واشینگتۆن بە مەبەستی یارمەتی کردن بە دۆست و هاوپەیمانی لەمێژینەی خۆی هەر کارێک کە بە پێویستی بزانێ دەیکا.

برووکسێل مەقەڕی سەرەکیی شوورا، کۆمیسیۆن، پارلمان و یەکیەتیی ئورووپایە و هەر بەم هۆیەوە بە پێتەختی ئورووپا ناوبانگی دەرکردوە.

تەنیا چەند ڕۆژ پاش دەستبەسەر کرانی سەلاح عەبدولسەلام لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری برووکسێل ئەم تەقینەوانە ڕوویان دا. دەگوترێ سەلاح عەبدولسەلام داڕێژەری گەڵاڵەی عەمەلیاتی تێرۆریستیی مانگی خەزڵوەری پاریس پێتەختی فەرانسە بوو.

دوابەدوای ڕوودانی ئەو ٣ تەقینەوەیە گرووپی داعش بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک بەرپرسایەتیی ئەم هێرشانەی وە ئەستۆ گرت.



گرووپی داعش بەرپرسایەتیی پەلامارەکانی شاری پاریسیشی وە ئەستۆ گرتبوو کە ١٣٠ کوژراو و برینداری لێ کەوتبۆوە. ئەم هێرشانە و هێرشەکانی برووکسێل بە گەورەترین پەلامارە تێرۆریستییەکانی مێژووی فەرانسە و بێلژیک دادەنرێن.

# پەیامی نەورۆزیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**هاووڵاتیانی خۆشەویست!**

**خەڵکی تێکۆشەر و ماندوویی نەناسی رۆژهەڵاتی کوردستان!**

**ئەندامان و پێشمەرگەکان و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

به بۆنەی نەورۆز، نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ لە هەموو لایەکتان پیرۆزبایی دەکەم و هیوادارم ساڵی تازە بە دەرس وەرگرتن و ئەزموون وەرگرتن لە ساڵی پێشوو و ساڵانی رابردوو، بە بەشداری و هیمەت و تێکۆشانی هەموو لایەکمان ساڵێکی پڕ نەتیجە بێ بۆ نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەمووی ئێمە وەک تاک و بنەماڵەی هەموو لایەک. بۆیە من بۆ جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هەروەها هیوادارم هەموو لایەکتان لەشساغ بن و هیوادارم هەموولایەکمان بەیەکەوە بەرەوپیری نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ برۆین.

ئێمە سەرەڕای زۆر نەهامەتی و ناخۆشی کە بەسەرمان هاتووە، بەڵام هەمیشە نەورۆزمان کە مێژوویەکی کۆنی کوردەوارییە، جێژن گرتووە نەورۆزمان کردوە بە مەیدانێک بۆ دەربڕینی خۆمان و بۆ جێخستنی خواست و داخوازەکانی نەتەوایەتی خۆمان و، بۆ ئەوە کە نیشان بدەین ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، سەرەڕای زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی هەرگیز کۆڵ نادەین و بە خۆشییەکانی خۆمان هیوابەخش دەبین بۆ خۆشی زۆرتر بۆ نەوەی داهاتوو.

هەروەها جێگای خۆیەتی بە بۆنەی یەک ساڵ لە خەبات و تێکۆشان و هەوڵی هەموو لایەکمان، ماندوونەبوونی لە ئێوە بکەم؛ لە تێکۆشەرانی سیاسی، مەدەنی، هەمووی ئێوە کە لە بواری جۆراوجۆردا لە نێوخۆی وڵات سەرەڕای زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی تەحەممولی کۆڵێک موشکیلاتتان کردوە، بەڵام هەوڵتان داوە بە حەق لە هەموو فورەسەتەکان کەڵک وەرگرن بۆ ئەوەی کە لە هەر گۆشەیەک و لە هەر جێگایەک فورسەت دێتە گۆڕێ، لە پێناو مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان و مافەکانی سیاسی و دێموکراتیکی خۆمان کەڵکیان لێ وەربگرن.

ئێمە لە حیزبی دێموکرات زۆر بە بایەخەوە دەروانینە ئەوە و، پێمان وایە نەتەوەیەک کە ئاوا بە شێوازی جۆراوجۆر و بە شێوەی فرەڕەهەندی هەم شاخی هەیە و هەم مەیدانی دیپلۆماسی هەیە و هەم خەباتی مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتی هەیە و لە هەموو بوارەکان کەڵک وەردەگرێ، نەتەوەیەکی زیندوو و سەریحاڵە و، ئێمە ئیفتخار و شانازی دەکەین بە زیندوویی و سەریحاڵ بوونی ئێوە لە نێوخۆی وڵات و، دڵنیام لە نەتیجەی خەبات و تێکۆشانی ئێوەدا کۆماری ئیسلامی هەرگیز ناتوانێ ئەو پیلانەی خۆی جێبەجێ بکا کە دەیهەوێ قەزییەی رۆژهەڵاتی کوردستان(کوردستانی ئێران) لە پەراوێز بخا. یەک ساڵ خەبات و تێکۆشان لە ساڵی ڕابردوودا ئەوەی درخست.

جێگای خۆیەتی هەموو لایەکمان بۆخۆمان و بۆ یەکتر ئەرک و وەزیفە دابنێین. حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکان و کادرەکانی حیزبی دێموکرات لە ژێر رووناکایی خەباتی فرەڕەهەندیدا تێدەکۆشن لە ساڵی داهاتووشدا ئەرک و وەزیفەی خۆیان بە جێبگەیێنن.

ئەرک و وەزیفەی ئێمە زەمانێک نەتیجە دەدات کە هەموومان بە یەکەوە بە وەحدەتی میللی، جیاواز لەوەی کە ئێمە ئایینی جۆراوجۆرمان هەیە، زاراوەی جۆراوجۆرمان هەیە، ناوچەی جۆراوجۆرمان هەیە، بەڵام دەبێ لە بیرمان بێ زەمانێک بەهێز و بەقەوەتین کە ئێمە وەک یەک نەتەوە، نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بینەیە. وەک یەک نەتەوە وەک نەتەوەی کورد سەرەرای هەموو ئەو جیاوازیانە یەک خواست و ویستمان هەبێ ئەویش جێخستنی مافەکانی خۆمانە، کار کردن بۆ مافەکانی خۆمان.

لەو پیناوەدا بێگومان مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی قوتابخانەکان، فەعالینی سیاسی، فەعالینی مەدەنی، ژینگە پارێزان، هونەرمەندان، فەعالینی ئەدەبی، فەعالینی هونەری هەروەها فەعالینی دیفاع لە مافی مرۆڤ، بە گشتی سەرجەم تێکۆشەرانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، بە ژن و بە پیاو، بە لاو، بەخوێندکاران لە هەر شوێنێک هەن، ئەرک و وەزیفەمان هەیە. دڵنیام ئێمە هەموومان بە یەکەوە ئەو ئەرک و وەزیفانە کە بۆ یەکتری دادەنێین و بە یەکەوە بۆخۆمانی دادەنێین لە ئیدامەی خۆی دا، دەتوانین کاری زۆرتریش بکەین.

هەڵبژاردنی رابردوو دەریخست هەموو ئەو جیاوازی و تەنەوعاتی سیاسی کە لە کوردستاندا هەمانە، لە پیناو و لە خزمەت بەهێزکردنی ماف و داواکانی خۆمانە. بۆیە هیوادارم لە داهاتووش دا ئێمە ئەوە بکەین بە مەبنا، بیکەین بە بنەما کە هەرگیز بەرامبەر بەو شتانەی لە دەور و بەری خۆمان تێپەر دەبێ بێتەفاوت نەبین. هەوڵدانی ئێمە و جێخستنی لانیکەمی مافەکانمان، بۆخۆی دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ شتی باشتر لە داهاتوودا.

هەروەها ئەرک دەخرێتە سەر شۆرای شارەکان، سەر نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران کە لەوێ نوێنەرایەتی ناوچەکانی خۆیان دەکەن، ئاوردانەوەیەکیان لە ناوچەکەی خۆیان هەبێ، ئەگەر ئەوان لەوێ هەن، لە نەتیجەی دەنگی خەڵکی ناوچەکانی خۆیان لەوێ هەن. سەرەڕای تەعەهوداتی ناوچەیی، تەعەهوداتی میللیشیان هەیە، تەعەهوداتی میللی ئەوان ئەوەیە کە دیفاع لە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بکەن.

هەروەها جێگای خۆیەتی بەبۆنەی نەورۆز و ساڵی تازە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ جارێکی دیکە داوا لە هەموو لایەک بکەین کە یەکڕیزی و وەحدەتی میللی خۆیان بپارێزن. وەحدەت و یەکڕیزی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا، ئەوەی کە هەموو ئوستانە کوردنشینەکان بەیەکەوە کۆدەبنەوە و لەسەر ویست و داخوازەکانیان بە قەناعەت و تەوافوق دەگەن، دەتوانێ سیگناڵێکی باش بێ و، ئادرسێکی بە قوەت بدەین بە هەموو ئەوانەی لە تاران بە شێوازی خۆیان سەیری مەسەلەی کورد دەکەن. ئەگەر ئێمە نەتوانین بە هەموو مافەکانیشمان بگەین، لانی کەم دەتوانین پێیان بڵێین ئێمە یەک نەتەوەین، لەسەر داواکانی خۆمان یەکگرتووین و لە سەر داواکانی خۆمان بەردەوام دەچینە پێشێ.




ئێمە لە کۆنگرەی شازدەهەمی حیزب بەولاوە، جیاواز لەوە کە لە سەر زۆر بابەت ساغ بوونەوەمان بوە و هەوڵ دەدەین بە خەباتێکی فرەڕەهەندی و هەمەلایەنە تێبکۆشین هەموو تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات و ئەو تێکۆشەرانەی کە لە هەرێمی کوردستانیشن، بەشداری پرۆژەی جێخستنی مافەکانی خۆمان بین، لە تەنیشت ئەوەش دا مەسەلەی رێفراندۆم واتە راپرسیمان هێنایە گۆڕێ. ڕاپرسی بۆ کوردستانی ئێران یان رۆژهەڵاتی کوردستان یان ڕێفراندۆم ئەوەیە ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ئەو مافە بۆخۆمان بیڵینەوە و هەم بە ئێرانییەکان چ ئەوانەی دۆستمانن و چ ئەوانەی باش لە قەزییەی ئێمە تێناگەن و چ ئەوانەی لێی تێدەگەن، بەڵام گوێمان نادەنێ بڵێین کە لە ماوەی نزیک بە سی و حەوت ساڵ خەبات و تێکۆشان دا هەموو شێوازێکمان لە دژی حکومەتی مەرکەزی ئێستا و تەنانەت حکومەتی پێشووش لە رابردوودا بە تاقیکردۆتەوە.

ئەگەر رۆژێک لە رۆژان هەمووی ئەو ویست و داخوازیانەی خۆمان بە شێوازی موختەلیف کە هێناومانە و حکومەتە مەرکەزییەکان جواب نادەنەوە بە نەتیجە نەگەن، خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران حەقی خۆیەتی ئەو مافە بۆخۆی بیڵێتەوە، کە لە چوارچیوەی مەیدانی نێودەوڵەتیش دا قەبووڵ کراو ئیعترافی پێکراوە شتێکی ئینسانی و قانوونییە، موراجعە بە رەئی خەڵکەکەی خۆی بکا، ریفراندوم بکا، راپرسی بکا، ریفراندوم کردن و راپرسی واتا راگرتنی ئەو ئیدەیە لە نێو خەڵک دا ئەو حەقە بۆ ئیمە دیڵیتەوە هەر زەمانیک فورسەتێکی باش بۆ ئیمە هەڵکەوت ئێمەش بتوانین لەسەر چارەنووسی خۆمان تەسمیم بگرین، لە هەمان کاتیش دا سیگناڵێکی جیددییە بۆ ئەو لایانەی کە تەوجوە بە مافەکانی ئێمە ناکەن کە کورد لە کوردستانی ئێران دەتوانێ فکر لە ریگاچارەی دیکەش بکاتەوە. دڵنیام ئێمە بە هیمەتی هەموو لایەکمان دەتوانین ئەو ئیدەیە، ئەو پرۆژەیە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بێنینە پیشێ.

یەکێک لە رێگاکانی خۆشویستنی خاک و نیشتمان و وڵات ئەوەیە کە وڵات بە پاک و خاوێنی رابگرین، پاک و خاوێنی وڵات فەزایەکی باش دروست دەکا بۆ فکرکردنەوەیەکی خۆش. ئێستا کە ئێوە بەرەو نەورۆز و بەهارێکی خۆش دەچن، لەو تەبیعەت و سروشتە کەڵک وەردەگرن و تێیدادەبن، هیوادارم تەبیعەت و سروشت زۆر پاک و خاوێن ڕابگرن، بۆیە لێرە ئەرکی فەعالینی ژینگە پارێزە کە هەر نەمامێک کە دەیچێنن وا فکر بکەنەوە کە ئەو نەمامانە لە داهاتوودا دەبن بە دارێکی بەقوەت و بەر و بۆمیان بۆ نەوەکانی داهاتوو دەبێ. ژینگەیەک کە پاک و خاوێن بێ، دڵنیام فکری باش و رێک و پێکیشی تێدا جێ دەکەوێ.

بۆیە هیوادارم هەموولایەکمان بە خۆشییەوە بەرەو نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ برۆین و هەموو لایەکمان بە دەربڕینی خۆشی و نەورۆزی کوردەواری، بە لیباسی کوردەواری و بە ئاهەنگ و هەروەها گۆرانی کوردی، بە دەوری یەک بوون لە هەموو ئوستانەکانی کوردنشین، تەنانەت لە نێو کوردەکانی تاران و خوراسانیش بۆ جارێکی دیکە نیشان بدەین ئێمە رۆڵەی میللەتێکین کە سەرەڕای هەموو خۆشی وناخۆشییەکانی، تێدەکۆشێ لە رۆژە خۆشەکاندا پەیامی نەتەوایەتی خۆی بگەیەنێ و تێدەکۆشێ لە رۆژی نەورۆز و خۆشییەکانی دەور و بەری نەورۆز، لەسەر وەحدەت و یەکریزی خۆی هەر ئاوا بەردەوام بێ.

بۆجارێکی دیکە نەورۆزتان پیرۆز و هەروەها هیوادارم هەموولایەکمان بە ساغی و سڵامەتی بەرەو پیری نەورۆز بچین و لە رۆژی نەورۆز و رۆژەکانی نەورۆز و بەهاردا وەحدەت و یەکریزی خۆمان بەقوەت بکەین، ناخۆشییەکان بسپێرین بە ساڵی ڕابردوو، دڵەکان بە کراوەیی بیڵینەوە بۆ ئەوەی کە هەموو لایەکمان یەکترمان خۆش بوێ. وەحدەت و یەکگرتوویی ئێمە زامنی سەرکەوتوویی ئێمەیە.

هەر ساغ و سڵامەت بن و هیوادارم هەموولایەکمان هەر بەرەو پێش بچین. دڵنیام داهاتوو هی ئێمەیە. نەتەوەیەک کە لانیکەم لە چوارچێوەی حیزبی دێموکرات دا حەفتا ساڵ کۆڵی نەدابێ، هەموو ئەو خۆشی و ناخۆشییانەی تێپەڕ کردبێ، هیوادارم لە داهاتوودا لاپەرەی زۆر خۆش بەیەکەوە بکەینەوە و هیوادارم ئێمە بە مافەکانی خۆمان بگەین و دڵنیام ئێمە کۆڵ نادەین، ئێوە کۆڵ نادەن و هەموو لایەکمان بەردەوام دەبین لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

### درێژەی

## ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ و، پەیامێک بۆ یەکبوون

«یەکڕیزی» و «یەکگرتوویی»، شاخس(تایبەتمەندی)یەکی دیکەی ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بوو. هەرچەند خەلکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆر جار نیشانیان داوە کە بۆ بەربەرەکانی بەرانبەر بە پیلان و سیاسەتە دژی گەلییەکانی رێژیم، چەندە پێداگری لە سەر «یەککگرتوویی» و «یەکریزی» دەکەنەوە، بەڵام یەککگرتوویی و یەکهەڵوێستیی خەڵک لە ڕێورەسمەکانی ئەمساڵدا تێکەڵێکە لە «ئیێرادە»و «هوشیاری». بە واتایەکی دیکە خەڵکێک دەبینی کە بە ئیرادەیەکی یەککگرتووانەوە هاتووەتە مەیدان و، زۆر هوشیارانە دەزانێ کە بۆچی لە دەوری یەک کۆدەبێتەوە. ئەگەر لە ساڵانی رابردوودا خەڵک زیاتر بە مەبەستی کردنەوەی ئاورو هەڵپەڕکێ و شادینواندن بە بۆنەی هاتنی نەورۆز لە دەوری یەک کۆدەبوونەوە، ئەمساڵ هەر ئەم خەڵکە لە وتنەوەی سروودە سەمبولیکەکان و سڵاوناردن بۆ رێبەرانی شەهیدی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان و دووپاتکردنەوەی درووشمە نەتەوەییەکانی خۆیان، لە دەوری ئاوری نەورۆز کۆدەبنەوەو ویستی دەروونیی خۆیان نیشان دەدەن.

ئەم یەککگرتووییەی خەڵک جیا لە پەیامی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەیی و جەماوەری، کۆمەڵە پەیامێکی دیکەیشی تێدایە کە دەبێ هێزە سیاسییەکانی کوردستان جەسارەتی دانپێدانان و قبووڵکردنیان هەبێ. خەڵکی کوردستان کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری وەک رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە، بە بێ گوێدان بە هەر هەزینەو تێچوویەکی سیاسی و ئەمنییەتی، ئامادەن بە نیشانەی وەفاداری بە شەهیدان و ڕێبازی شەهیدەکانیان وێنەو ناویان بەرز بکەنەوەو، بە کۆڕس و، یەککگرتووانە سروودە حەماسی و شۆڕشگێڕییەکان بڵێنەوە، دەبێ چ پەیام و داوایەکی جیا لە یەکریزی و یەککگرتوویی بۆ هێزە سیاسییەکان پێ بێ؟!

ئەوان باش دەزانن کە بەداخەوە هێزە سیاسییەکانیان نالێک و نایەککگرتوون. باش دەزانن کە ئەم نالێکی و نایەککگرتووییە چەندە شوێنەواری نەرێنیی لە سەر جموجۆڵ و خەباتی ئەوان لە نێوخۆی وڵات داناوە و لە ئاکامدائەم نالێکی و نایەککگرتووییەی هێزە سیاسییەکان بووە بە هۆی نیگەران و تووڕەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە لەو دەرفەتانەدا کە بۆیان هەڵدەکەوێ، هاوکات لە گەڵ نارەزایەتی و بێزاری دەربڕین لە ستەم و بێمافی و هەڵاواردن لە ژێر دەسەڵاتی دژی گەلیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، داوای یەکریزی و هاوهەڵوێستی لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن.

نابێ ئەوەی دەیڵێین بە هیچ شێوەیەک تەفسیری لەخۆبایی بوونی لێ بکرێ کە لەم نێوەدا حیزبی دێموکرات بەردەنگی ئەسڵی و سەرەکیی خەڵکی کوردستان بوو. بەشدارانی زۆرێک لە ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ بە وتنەوەی سروودەکانی تایبەت بە حیزبی دێموکرات و ناوهێنانی ناوی ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبەو بەرزکردنەوەی وێنەکانیان، ئەگەر لە لایەکەوە سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات ئێستاش بە نفووزترین هێزی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە پەیامە گەورەکەشیان کە بانگەوازی یەکریزی و یەکبوونە، لە پلەییەکەم دا بۆ ڕێبەران و کادرو پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە نارد.

کەوابوو لە سەر هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت دێموکراتەکانە کە هەست بەو تەفرەقەیە کە گەورەترین لاوازی و کەمایەسیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە لەم بەشەی کوردستانە، بکەن و گوێ لە داوا وپەیامی خەڵک کە یەککگرتوویی و هاوخەباتییە، ڕابگرن. ئیرادە و ئامادەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هاتنە مەیدان و بەرزکردنەوەی داواکانی خۆیان، پێمان دەڵێ ئەگەر هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی دیموکراتەکان، یەککگرتوو و هاوخەبات بن، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێبڕاوانەترو بە شێوەیەکی بەرینتر دێنە مەیدان و خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان، جارێکی دیکە، تەنگ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵ دەچنێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر وا کە پێزانین و سوپاسی بۆ هەڵوێستی خەباتخوازانە و نەتەوەیی و وشیارانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەورۆزی ئەمساڵ دا هەیە، خۆشی لە ئاست داوا و پەیامی ئەو خەڵکە بە بەرپرسیار دەزانێ و بە نۆرەی خۆی تێ دەکۆشێ ئەم پەیامەی خەڵک، لە سیاسەت و تێکۆشانی ساڵی نوێی خۆی دا،ڕەنگ بداتەوە.

## سەردانی شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان لە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو کۆمەڵێک پرسو بابەتی پێوەندیدار بە دوولایەن لەو دیدارەدا تاوتوێکران.

ڕۆژی سێشەممە ١٨ی ڕەشەممە شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان بە سەرپەرستیی دوکتۆر حوسێن سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن شاندێکی ڕێبەرایەتی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولودی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا سەرەتا باسێک لە پێوەندی دوولایەنەی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو کۆما جڤاکێن کوردستانو چۆنیەتیی پاراستنو بەهێزترکردنی ئەو پێوەندییانە هاتە بەرباسو پێداگری لەسەر کرایەوە.

بابەتێکی دیکەی دانیشتنەکە پێوەندی بە باکووری کوردستانو شەڕو ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەی نێوان کوردو حکومەتی تورکیە بوو. لەو پێوەندییەدا دوو لایەن بە پێداگری لە سەر پێویستیی کۆتاییهێنان بە شەڕو ئاڵۆزی‌یەکان پێیان وابوو کلیلی چارەسەری سەرەکیی ئەم کێشەو تێکەڵچوونان هەر لە سەر مێزی دیالۆگو وتووێژ بەدی دەکرێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارەدا پرسی کورد بە گشتیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هاتە بەرباس و لەو پێوەندییەدا شاندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە سەر هەڵکەوتەی جۆغرافیایی‌و تایبەتمەندی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان قسەی کردو بە لە بەرچاوگرتنی ئەم تایبەتمەندییانە پێداگری لە سەر دەستوەرنەدانی حیزبەکانی هەر کام لە بەشەکانی کوردستان لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان کردەوە.

بارودۆخی ئاڵۆزو قەیراناوی ناوچەو لە سەریەک کوردستان بە گشتی‌و شەری داعش و ڕۆڵ و فاکتەری کوردو هاتنە مەیدان و نەخشی وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی و جیهانی بە تایبەتی بابەتێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە بوون کە دوولایەنی دێمۆکراتو کۆما جڤاکێن کوردستان لە سەر چۆنیەتی کەڵکوەرگرتن لە هەلو دەرفەتە پێشهاتووەکان لە پێناو جێخستن‌و وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کورد ، هاوهەڵوێست بوونی خۆیان نیشان دایەوە.

## سەردانی بەشی پەیوەندییە نۆروێژییەکانی حیزبی دێموکڕات لە پارلمانی ئەو وڵاتە



بەرپرسی بەشی پەیوەندییە نۆروێژییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پارلمانی نۆروێژ لەگەڵ ئەندامی کۆمیتەی بەرگری‌و دەرەوەی پارڵمان کۆبۆوە.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٩ی ڕەشەممە ناسر قادرپور، بەرپرسی پێوەندییە نۆروێژییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی پارڵمانی ئەو وڵاتەی کردو لەلایەن "یوروند ریتمان"، پارڵمانتارو ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەو بەرگریی پارڵمان پێشوازیی لێکرا.

مەبەست لەو دیدارە، هێنانە بەرباسی ڕەوشی ئێستای مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی‌و باس لە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

لەو دیدارەدا ناسر قادرپوور وێڕای باس لە دۆخی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت پرسی نەتەوەو کەمایەتییە ئایینیەکان لە کوردستانو ناوچەکانی دیکەی ئێران، باسی لە نوێترین نموونەی ئەو ڕەفتارە، واتە بێ‌ڕێزی‌و سووکایەتی بە یارسانەکانو شوێنە پیرۆزەکانیان کرد.

لەو دیدارەدا هەروەها پرسی هەڵبژاردنەکانی ٧ ی ڕەشەممە هاتنە بەرباسو لەسەر ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرد.

تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دیدارە پێگەو ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە ئەو باسانە لەلایەن "یوروند ریتمان"ەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا.

پارڵمانتارو ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەو بەرگریی پارڵمانی نۆڕوێژ وێڕای هێنانەباسی سەرنجەکانی خۆی لەسەر باسەکانی ئەو دانیشتنە هیوای خواست کە زیاتر لە جاران دوولایەن بتوانن پێکەوە دابنیشتن‌و لە سەر رەوتی ڕووداوەکانی ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن.

## کوردەکانی ڕۆژاوای کوردستان فیدرالی‌یان ڕاگەیاند




کوردەکانی ڕۆژاوای کوردستان بە ڕەسمی ڕایانگەیاند کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەی فیدراڵ بەڕێوە دەبەن. حکومەتی بەشار ئەسەد و دژبەرانی بەشار ئەسەدیش کە ئێستا سەرقاڵی دانوستان لە "ژنێڤ"ن، هەر دوولا لە دژی ئەو بڕیارە وەستاونەتەوە.

ڕێبەرانی پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتیکی سووریە، پەیەدە دەڵێن کە سیستمی فدرالیی "ڕۆژاوای کوردستان"یان بە ڕەسمی بردۆتە بواری جێبەجێکردن‌و "ئاڵدر خەلیل"، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکاریی ڕاگەیاندنی ناوچەی فیدراڵی ڕۆژاوای کوردستان دەڵێ ئەو هەرێمە فیدراڵە لە سێ ناوچەی عەفرین، کوبانی‌و جزیرە لە کوردستانی سووریە پێکهاتوە.

لە کاردانەوە بەو بڕیارەی کوردەکانی ڕۆژاوای کوردستان‌دا وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەد ڕایگەیاند کە ئەو بڕیارەی کوردەکانی سووریە بایەخی قانوونی‌و سیاسیی نییەو ڕێژیمەکەی ڕێگە نادا تەواوەتیی خاکی وڵاتەکەی بچێتە ژێر پرسیار.

دژبەرانی بەشار ئەسەدیش بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک دەڵێن ڕاگەیاندنی هەر چەشنە ناوچەیەکی فیدراڵ بە مانای بەبارمتەگرتنی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. دژبەرانی بەشار ئەسەد دەڵێن داهاتووی سووریە دوای وتووێژو دانوستانەکانو نووسینەوەی قانوونی ئەساسیی نوێی وڵاتو ڕاپرسی دادەڕێژرێتەوە.

بەیاننامەی دژبەرانی بەشار ئەسەدو ئەو قسانەیان لە حاڵێک دایە کە هەر ئێستا کوردەکان بۆ وتووێژەکانی ئاشتی بانگ نەکراون.

هاوکات ئەمریکا، تورکیەو ئێرانیش دژایەتیی خۆیان لە گەڵ دەسکاریکردنی سنوورەکانی سووریەو مافی خودموختاریی کوردەکان لە ڕۆژاوای کوردستان ڕاگەیاندوە.

جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران چەند ڕۆژ پێش ئێستا گوتی گۆڕینی جوغرافیای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو ناوچەیەدا قیامەت دەنێتەوە؛ تورکیەش لەوە نیگەرانە کە خودموختاریی کوردەکانی سووریە کار لە سەر تۆخبوونەوەی داوای کوردەکان لە باکووری کوردستان دابنی‌و ئەوانیش بەرەو هەڵبژاردنێکی هاوشێوەی هان بدا.

## سەردانی شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ١٨ ی ڕەشەممە ( ٨ی مارسی ٢٠١٦) هەیئەتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە سەرپەرستیی گریگۆری موریسیەن، دیپلۆماتو کاربەدەستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لەلایەن شاندی دەفتەری سیاسیی حیزب بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا ئێستاو داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو دەوری ئێران لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا هاتنە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. هەروەها پرسی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییانەی مەجلیس لە ئێرانو ئاکامی هەڵبژاردنەکانو کاریگەریی لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ئێران تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنە بوو.

لەو دیدارەدا دۆخی کوردستانی ئێرانو پرسە سیاسی‌و مەدەنییەکانی کورد لە ئێران وەک مافی مرۆڤو مافە نەتەوەییەکان هاتە بەرباسو لەو پێوەندییەدا باس لە سیاسەتو هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا.

بابەتی پێوندییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ئەمریکاو پێداگری لەسەر بەردەوامی‌و چەندی‌و چۆنیی ئەو پێوەندی‌و چاوپێکەوتنانە تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو دانیشتنە بوو.

## سەردانی بەرپرسی پێوەندییەکانی حدک لە هەولێر لە ئۆفیسی ڕێکخراوی ئاشتی



بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر سەردانی ئۆفیسی ڕێکخراوی ئاشتی لە هەولێری کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی ڕەشەممەی ٩٤ ( ٦ی مارسی ٢٠١٦ ) شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی سەردانی ئۆفیسی ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازی جیهانی لە هەولێر کردو لە لایەن شاندێکی ڕێکخراوەکە بە سەرۆکایەتیی شێخ دلێر نەقشبەندی‌یەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا دوولایەن لەسەر پرۆسەی ئاشتی، ئارامی‌و چۆنیەتیی سازانو پێکەوە هەڵکردنی تاکو کۆمەڵگای کوردستانو چۆنیەتیی ڕێکخستن‌و هەماهەنگی لە نێوان لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. دوولایەن لەسەر ئەو باوەڕەبوون کە هەڵسوکەوتی حیزبو لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتر دەبێ لە سەر بناغەی ڕێزی بەرامبەرو قبوڵی بێ.

بە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا پرسی کورد لە هەرێم لە عێراقو بەشەکانی دیکەی کوردستانو چۆنیەتیی مامەڵەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەگەڵ بیرو ڕای گشتیی ناوچەیی‌و جیهانی لە پێناو سەرخستنی دۆزی کورد هاتنە بەر باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچونیان لە سەر کرا.

پرسی ناساندنی هەر چی زیاتری پرسی کورد لە ئاستی بیرورای گشتی، میدیایی‌و نێودەوڵەتیی بابەتێکی دیکەی دانیشتنەکەی نێوان شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو شاندی پایەبەرزی ڕێکخراوی ئاشتی بوو.

## کۆتایی دەورەی ٢١٦ ی فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



بە کۆتاییهاتنی دەورەیەکی دیکەی فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پۆلێکی دیکە لەلاوانی کورد بە ڕەسمی هاتنە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە.

فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ ی ڕەشەممە بەبۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢١٦ ی سەرەتایی پێشمەرگە ڕێوڕەسمێکی پێکهێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆتایی ئەو دەورەیە پەیامی فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزب لەلایەن خالید حەسەن‌خاڵی، جێگری فێرگەوە پێشکێش کرا.

خوێندنەوەی پەیامی کۆتایی دەورە لەلایەن خاتوو شیلان یونسی‌و چەند گۆرانییەک لەلایەن بەشدارانی دەورەوە بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

## لە نۆڕوێژ خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە یارسانەکان بەڕێوەچوو



کوردەکانی نۆڕوێژ کە زۆربەیان ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو، بۆ پشتیوانی لە یارسانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەو ماوەیە دیسانەکەش لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سووکایەتییان پێ‌کراوە، خۆپیشاندانێکیان وەڕێ‌خست.

لەو خۆپیشاندانەدا کە ڕۆژی شەممە، ٢٢ی ڕەشەممە لە بەردەرگای باڵوێزخانەی ئێران لە ئۆسلۆ بەڕێوەچوو، سیاسەتی هەڵاواردن‌و سووکایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرحەق بە یارسانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەحکووم کرا.

ئەو خۆپێشاندانەکە بە دروشمی جۆراوجۆر دژ بە کۆماری ئیسلامی‌و بەرگری لە کەرامەتی یارسانەکان‌و پێویستیی پاراستنی مافو ئازادییەکانیان دەستی پێکردو بەشداربووان پشتیوانی خۆیان بۆ داوا ڕەواکانی کومەڵگای یارسان دەربڕی. هەروەها داوایان کرد کە سنورێک بۆ سووکایەتی‌و دەسیدرێژیی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر شوێنە پیرۆزەکانی یارسانەکان دابندرێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو خۆپیشاندانەدا پەیامی نارەزایەتیی کۆمیتەی یارسان لە نۆروێژ لە لایان ئەمیر سەلیمی خوێندرایەوە.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە بە بۆنەی٨ی مارس

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان سمینارێکی پێکهێنا.

ڕۆژی سێشەممە، ١٨ی ڕەشەممەی ١٣٩٤ بەرامبەر لەگەڵ ٨ ی مارسی ٢٠١٦ی زایینی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژن سمینارێکی بۆ مامۆستا فازڵ شەوڕۆ و شلێر مەحموودی پێکهێنا.

لە سەرەتای ئەم سمینارەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن موژگان عەلیپوور، ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەریی ئەم یەکیەتییە خوێندرایەوە. بڕگەی یەکەمی ئەم سمینارەش بۆ باسێک لەژێر ناوی "ورد بوونەوەیەک لە فیمینیزم" تەرخان کرابوو کە خاتوو شلێر مەحموودی، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێشکێشی کرد.

کۆڕگێڕ قسەکانی خۆی بە پێناسەیەک لە چەمکی فیمینیسم دەست پێکرد و باسی لەوە کرد کە چ کاتێک بۆ یەکەم جار وشەی فیمینیزم هاتە ئاراوەو هەروەها



ناڕوونی ئەم بابەتە کە چ کاتێک وشەی فیمینیزم هاتە نێو ژنانی کوردەوەو بە وردی باسی لە مێژووی بزووتنەوەی ژنان کرد.

شلێر مەحموودی لە درێژەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە ناوی چەندین ژنی کوردی وەک خانزادی سۆرانو حەفسە خانی نەقیبو نموونەی هەرە بەرچاویان مینا خانمی قازی کرد کە لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان‌دا دەورێکی بەرچاویان گێڕاوە.

ناوبراو هەروەها باسی لەوەکرد کە ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن کۆمەڵێک کەس بەلاڕێ‌دا براوە و بە هەڵە لێی تێگەیشتوون. کۆڕگێڕ هەروەها باسی لە بەستراوە بوونی ڕێکخراوەکانی ژنان بە حیزبە سیاسی‌یەکانو سەربەخۆ نەبوونی ئەم ڕێکخراوانە کرد.

دووهەم کۆڕگێڕی ئەم سمینارە شاعیرو نووسەر مامۆستا فازڵ شەوڕۆ بوو. ناوبراو لەم بڕگەیەدا بابەتێکی لە ژێرناوی "جوانتر کردنی پێوەندییەکانی خۆشەویستی" هێنایە بەر باسو بە وردی تاوتوێی ئەم مەسەلەی کرد.

مامۆستا فازڵ شەوڕۆ بابەتێکی زانستیی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی جیاوازیی ژنو پیاو لە بوارە جۆراوجۆرەکان پێشکێش کرد. ناوبراو لە قسەکانی خۆی‌دا تیشکی خستە سەر فەلسەفەی پێکەوەبوونی ژنان و پیاون لەگەڵ یەکترو بە هێنانەوەی چەند



نموونەیەک لە هۆکارەکانی بەیەکەوبوونی ئەم دوو ڕەگەزە، خۆشەویستیی نێوان ژنو پیاوی بە گرینگترین هۆکار زانی.

مامۆستا فازڵ وێرای ڕەد کردنەوەی داوای یەکسانیی ژنو پیاو گوتی ژنان دەبێ داوای مافەکانی خۆیان بکەن بەڵام لە زۆر بوارەوە ژن و پیاو یەکسان نین‌و بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەش ئاماژەی بە جیاوازیی خانەکانی مێشکی ژنو پیاو کرد و گوتی لە زۆر بوارەوە ئاستی توانایی ژنان لە پیاوان زیاترە.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی پێکهێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەبەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ئەم یەکیەتییەو دەیان کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بە ئامادەبوونی کۆمەڵێکی زۆر میوان بەڕێوەچوو، ڕێز لە یادو بیرەوەریی دامەزرێنەرانی ئەو یەکیەتییەو لە سەروو هەموویانەوە مینا خانم قازی، هاوژینی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان نرا.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگیی بۆ ڕێزلینان لە یادی شەهیدان دەستی پێ کردو لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکێش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە لەلایەن سۆهەیلا قادری، سکرتێری گشتیی ئەم یەکیەتییە پێشکێش کرا.

سروودی "گورەی ئاسمان" بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوو کە لەلایەن کۆڕسی یەکیەتیی ژنانو بە هاوکاریی کۆڕی هونەریی پێشکەشی ئامادەبوان کرا.

لە بەشێکی دیکەدا، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەم بۆنەوە ئامادە کرابوو، لەلایەن شەونم هەمزەیی، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانەوە خوێندرایەوە.

لەنێوئاخنی بەرنامەکانیش‌دا ئاماژە بە ناوی ئەم کەس‌و لایەنانە کرا کە بەبۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە چەپکەگوڵی پیرۆزباییان ناردبوو.



دوابەدوای ئەوە گۆرانیی "کیژان دەچنە مێرگوڵان" بە دەنگی شیرین شەریفی پێشکەش کراو لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێدانی ڕێزنامە، ڕێز لەو ژنانە گیرا کە لە مێژووی ئەو ڕێکخراوەیەدا وەک سکرتێری ڕێکخراوەکە خزمەتیان بەم ڕێکخراوە کردوە.

هەر لە درێژەی ئەم بەشەدا لەوحی ڕێزلینان بەم ژنانەش بەخشرا کە دەیان ساڵە لە ڕیزی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان‌دا بەشدارانو تا ئیستاش لە نێوخۆی کوردستانو دەرەوەی وڵاتدا لە ڕیزی ئەم ڕێکخراوەیەدا هەڵسووڕانیان هەیە.

هەر لەم بەشەدا ڕێز لەم دڵسۆزانەش گیرا کە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ژنان، ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە هاوکاری ئەم گۆڤارە بوون.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا شانۆیەک پێشان درا کە بەرهەمی بەشی هونەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو.

ڕێوڕەسمی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە شاییو شادیی ئامادەبووان کۆتایی پێ‌هات.

# بەڕێوەچوونی کۆڕی "خەسارناسیی فیمینیسم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"

کۆمیسیۆنی ئاموزشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان کۆبوونەوەیەکی بۆ خاتوو شەهێن بایەزیدپوور لە ژێرناوی "خەسارناسیی فیمینیسم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" پێکهینا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١٧ ی ڕەشەممە بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب گیرا، کۆڕگێڕ سەرەتا باسێکی لە مێژووی فیمینیسمو گەیشتنی شەپۆلەکانی فیمینیسم بە ئێرانو کوردستان کرد.

خاتوو شەهین بایەزیدپوور لە باسەکەی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی فیمینیسم مەکتەب نییە، بەڵکوو ڕەوتێکی فیکری‌یەو خۆی لە نێو مەکتەبەکان‌دا دۆزیوەتەوە، وەک فمنیسیمی لیبڕاڵ، فمینیسمی ڕادیکاڵو فمینیسمی سۆسیالیسمو هتد.

کۆڕگێڕ لە درێژەی باسەکەی‌دا باسی لە شەپۆلەکانی فیمینیسم لە سێ قۆناغدا کردو گوتی شەپۆلی یەکەم کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە ساڵی ١٨٣٠ لەسەر دەستی بیرمەندانی وەک ستوارت میل جۆی ناساند. ئەو گوتی لە شەپۆلی یەکەمی فیمینیسم‌دا ژن لە بەرامبەر پیاودا نەوەستا، بەڵکوو پیاوان شانبەشانی ژن داوای مافە مەدەنی‌و سیاسی‌و ئابووری‌یەکانی بۆ ژن کرد کە دواجار مافی دەنگدان، تەڵاق، وەخۆگرتنی منداڵو مافی یەکسانی حەقدەستی کار بۆ ژنانی لێ‌کەوتەوە.

شەهێن بایەزیدپوور لە درێژەی باسەکەی‌دا باسی شەپۆلی دووهەمی فیمینیسم لە دوای ساڵەکانی ١٩٦٠ی زایینیی لەسەر دەستی سیمین دوبوار بە نووسینی کتیبی "ڕەگەزی دووهەم" کرد کە ڕەوتێکی دیکەی پێچەوانەی شەپۆلی یەکەمی لێ‌کەوتەوە. کۆڕگێڕ گوتی لە شەپۆلی دووهەمی فیمینیسم‌دا ژن کەوتە ململانێی پیاوو سەرچاوەی هەموو پرس‌و کێشەی ژنان خرایە ئەستۆی پیاوانو ئەو ڕەوتە فیکری‌یە ڕەهەندێکی زۆر ڕادیکاڵی بەخۆیەوە گرت.

شەهێن بایەزیدپوور دواتر باسی شەپۆلی سێهەمی فیمینیسمی کرد کە دوای ساڵی ١٩٩٠ دەست پێ‌دەکاو خۆی بە ڕەخنەگرتن لە شەپۆلی دووهەمی فیمینیسم پێناسە دەکا. کۆڕگێڕ گوتی لەو شەپۆلە نوێ‌یەدا فیمینیستەکان دەڵێن ژنو پیاو با لە ڕووی بیولۆژی‌یەوە جیاواز بن، بەڵام جیاوازیی بیولۆژیی ژن لە پیاو نەک بۆ لاوازیی ژن، بەڵکوو بۆ بایەخێک دەگەڕێتەوە کە ژن لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتوە. ئەو گوتی لەو ڕەوتەدا ژن دەچێتەوە نێو کەشی خێزانو خێزان بایەخ‌و پێگەی خۆی دەدرێتەوە.

شەهێن بایەزیدپوور لە درێژەی باسەکەی‌دا باسی گەیشتنی شەپۆلەکانی فیمینیسم بە ئێرانو کوردستانی ئێرانی کرد.

لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا کۆڕگێڕ باسێکی مێژوویی لە ڕۆڵی ژن لە دسەلات لە ئێران لە سەردەمی هەخامەنشی‌یەکان تا ساسانی‌و تا سەردەمی قاجارەکان کردو گوتی لە سەردەمی قاجارەکان‌دا کە بزووتنەوەی "مشروطه" سەرکەوتو یەکەم قانوونە مەدەنی‌یەکانی ئێران لە ساڵی١٢٨٥ دا نووسران، هیچ حیسابێک بۆ ژنو پێگەی ژن نەکرا.

شەهین بایەزیدپوور لە درێژەدا هاتە سەر سیاسەتی



نوێخوازیی "ڕەزاشا"ی پەهلەوی‌و کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی ژنانو درێژەی ئەو ڕەوتە لە سەردەمی دەسەڵاتی "حەمەڕەزاشا"و شۆڕشی سپی کە مافی دەنگدان بۆ ژنانو بوار بۆ پێکهاتنی ڕێکخراوەکانی ژنانی لێکەوتەوە. کۆڕگێر بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە گوتی لەو کاتەدا فیمینیسم لە ئێران زیاتر وەک ئازادیی جینسی پێناسە دەکرا، نەک ئازادیی بەیانو ململانێ بۆ وەرگرتنی مافو ئازادی‌یە مەدەنی‌یەکان.

کۆڕگێر بە ئاماژە بە شۆڕشی ٥٧و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی‌و ماهییەتی ئیدۆلۆژیکی ئەو ڕێژیمە گوتی: کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی زۆر بنەڕەتی‌و زۆر مۆدێرن‌و زۆر سێستماتیکو ئاشکراو بەبەرچاوی کۆمەڵگای جیهانی، تیشەی لە ڕیشەی مافی ژنان داو، ئەوەندەی پێی‌کراوەو بۆی لواوە، شەڕی ژنانی بیرمەندو مافەکانی ژنانی کردوە.

خۆدیتنەوەی ژنان لە سەدەمی ئیسلاحاتو پاشان بزووتنەوەی سەوزو دواجار هەرەسهێنانی ئەو هەوڵانەی ژنان بۆ مافەکانیان تەوەرێکی دیکەی باسەکەی خاتوو شەهێن بایەزیدپوور بوو.

کۆڕگێر لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا گوتی بەرچاوترین قۆناغی شکڵگرتنی فیمینیسمو هەوڵی ژنانی کورد بۆ مافەکانیان بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە. دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش دوو ڕەوتی فیمینیسم لە کوردستان بەرچاو دەکەوێ کە یەکیان فیمینیسمی سیاسی‌یە کە پێی وایە بە گۆڕانی سیاسی لە وڵاتو دەسەڵات‌دا گۆڕانکاری لە دۆخی ژنانو مافەکانیان پێک دێ، لەگەڵ ڕەوتی فیمینیست سێکۆلارەکان کە پێیان وایە لە بە ڕێفۆرمو چاکسازی و چالاکی لە بەستێنی فەرهەنگی‌دا دەکرێ کار بۆ گۆڕینی قانوونەکانی کۆمەڵگا بە دژی ژن بکرێ.

بەڕێزیان لەو بەشەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی هیچ کام لەو دوو ڕەوتە نوێنەرایەتیی پرسی ژن لە کوردستانو ئێران‌دا ناکەن.

شەهێن بایەزیدپوور باسەکەی بەوە کۆتایی پێ‌هێنا کە لە ئێستادا زۆربەی فیمنستەکان لەجیاتی ئەوەی داوای مافی خۆیان لە دەسەڵاتو حکومەت بکەن‌و شەر بۆ گۆڕینی قانوونەکان بکەن، هاتوون لە کەشی خێزانو کۆمەڵگادا ململانێی پیاوان دەکەن.

لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەش‌دا کۆمەڵێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە ڕاو سەرنجی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە باس کردو کۆمەڵە پرسیارێک بەرەوڕووی کۆڕگێر کرایەوە کە دواتر ناوبراو وەڵامی دانەوە.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ٨ی مارس لەلایەن کۆمیتەی ئ وتریشی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لە ئوتریش بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن سمینارێکی بۆ دوکتۆر عەلی مازوچی لە ڕۆژی ١٢ی مارس‌دا پێک هێنا.

سمینارەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزنان لە گیانی پاکی شەهیدانو ڕاگەیاندنی ڕیزی بەرنامەکان لەلایەن خاتوو سەیران ئەمینی دەستی پێ‌کرد.

پاشان خاتوو بەهار هەمزەنژاد، بەرپرسی یەکیەتیی ژنان دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش باسی لەوە کرد کە مەبەستی یەکیەتیی ژنان لە ئوتریش لە گرتنی ئەو ریوڕەسمە بۆ تێڕوانینی لەسەر ٨ی مارس، وەکو سەمبولێکی دێموکراتیک و خەباتی ژنان بۆ مافی بەرانبەری دەگەڕێتەوە. پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو شەهلا خزری خوێندرایەوە.

لە بڕگەی سەرەکیی سمینارەکەش‌دا دوکتۆر عەلی مازوچی بە ئاماژە بە خەباتی ژنانو مێژووی ٨ی مارس لە سەرەتاوە تاکو ئێستا، باسی لە ڕەوتی مێژوویی خەباتی ژنان بۆ یەکسانی لە ئێران و کوردستاندا کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئوتریش لە لایەن هاوڕێ خدر هەمزەنژاد، بەرپرسی کۆمیتە خوێندرایەوەو سمینارەکە بە شێعرێک لەلایەن خاتوو شەهلا خزری‌و ڕێزگرتنی کۆمیتەی حیزب لە خاتوو بەهار هەمزەنژاد، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ئوتریش کۆتایی پێهات.

# کۆمیتەی واشنگتۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨ ی مارس ڕێوڕەسمێکی بەڕێوەبرد

کۆمیتەی واشنگتۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن بە ڕێوڕەسمێک ڕێزی لە خەباتو تێکۆشانی ژنانی یەکسانیخواز گرت.

ئەو ڕێوڕەسمە کە ڕۆژی شەممە، ١٥ ی ڕەشەممە بەڕێوەچوو، بە شێعرێکی کەریم بەختیاری دەستی پێ‌کردو خاتوو شلێر قادری، ژنە تێکۆشەری دێرینی نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامی کۆمیتەی واشنگتۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە خوێندەوە.

لەو پەیامەدا بە ئاماژە بە ڕۆڵی ژنانی خەباتگێڕ لە نێو ڕیزی شۆڕش‌و تێکوشاندا هاتبوو کە ژنان شان بەشانی پیاوان لە پێناو ئامانجە نەتەوایەتییەکانی خۆیان تێکۆشاون‌و لە ڕەوتی خەبات‌دا سەرەڕای دەیان کەندو کۆسپ کە هاتووەتە سەر ڕێگایان، بەڵام ئەوان لە تێکۆشانی خۆیان نەوەستاون‌و بەشێکی کاریگەر بوون لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا خاتوو دڵنیا دادکوش باسێکی لەسەر ژنو مافی ژنو ، هەروەها ڕەوتی پەسەندکرانی پرەنسیپو کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکانی پێوەندیدار بە مافی ژنانی کرد.

کامران باڵنوور، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئەمریکاش بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە وتارێکی پێشکێش کردو تیشکی خستە سەر بارودۆخی ژنان لە ئێرانو کوردستان.

گێڕانەوەی چەند بیرەوەرییەکی ڕۆژانی شۆڕش لەلایەن سلێمان عەزیزی‌و خوشکە شلێر قادری لەگەڵ پێشکەشکردنی گوڵ لەلایەن کۆمیتەی حیزبەوە بە خانمانی بەشدار لە ڕێوڕەسمەکە، جەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

# ژنانی کورد لە نۆڕوێژ بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوە برد

ڕۆژی سێشەممە، ١٨ ی ڕەشەممە ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن لە ساڵۆنی کولتووریی شاری لیللەسترۆم بە سەرپەرەستی شارەوانیی شێشمۆ بەڕێوەچوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بەشداریی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان، کۆمەڵەی کولتوری کوردو ژنانو ڕێکخراوەکانی چەند نەتەوەی دیکە گیرا، شێشتەن ئارنەسن، بەرپرسی بەشی کولتووری شارەوانی شێشمۆ، باسی لە گرینگیی گرتنی ڕێوڕەسمی ٨ ی مارس بەشێوەی تێکەڵو هاوبەشی نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا کرد کە پێکەوە تێیدا دەژین.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا مەحبوبە ڕەحیمی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ، پەخشانێکی خوێندەوەو دواتر شابانە ڕەحمان، چالاک لە بواری ژنان‌داو سیاسەتمەدار لە حیزبی کاری نۆرویژ، باسێکی تێروتەسەلی لە سەر ژنان و چۆن تێکەڵ بوونیان لە گەڵ سیستەم‌و کولتوری جیاوازدا پێشکەش کرد.

شایی‌و موزیکی کوردی بەشێکی دیکەی ئەو بەرنامە فەرهەنگییە بوو کە بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانو کۆمەڵەی کولتوری کوردی بەڕێوە چوو.

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان

**ژنانی ئازادیخوازی جیهان!**
**خەڵکی یەکسانیخوازی کوردستان!**

لەلایەن کومیتەی بەڕێوبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوەکەمانەوە پیرۆزبایی ڕۆژی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان پێشکێش بە هەموو ژنانی خەباتکاری جیهان و بە تایبەتی ژنانی یەکسانیخوازی کورد و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکەین .

**بەڕێزان!**
**ژنانی هێژا!**

لەسەرەتای سەدەی بیستەم،ژنانێکی زۆر لە وڵاتانی پیشەسازی بە گرتنی حەقدەستێکی زۆر کەم ونامرۆڤانە و هەروەها بەبێ هیچ ئاسانکارییەک بۆ پێشکەوتنیان هاتنە ناو بازاری کارەوە. وەها بارودۆخێک بووە هۆی پێکهاتنی خەباتگەڵێکی مەدەنی کە ژنانی کرێکاریشی بە شێوەیەک سازمان داو جمۆجۆڵێکی لە ژنان پێک هێنا. خەباتی ئەوان بوو کە بارودۆخەکەی بۆپێکهێنانی ڕۆژی ژن هێنایە ئاراوە.

هەڵبژاردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژی جیهانی ژن، بە بۆنەی خۆپیشاندانە گەورەکەی ژنانی کرێکاری کارخانەی ڕستن و چنینی نیۆیۆرکی ئەمریکا لە سالی ١٨٥٧ی زایینی دیاری کرا، کە بەمەبەستی زیادکردنی حەقدەست و کەم کردنەوەی ماوەی کار خۆپیشاندانێکیان وەڕێخست. لەم خۆپیشاندانە کە لەگەڵ هێرشی پۆلیس بەرەوروو ببۆوە، بەشێکی هەرە زۆری بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە دەستبەسەرو ژمارەیەکی بەرچاویش کوژران وبریندار کران .

خەباتی ژنانی کارخانەی ڕستن وچنین لە ئەمریکا، وەکوو ڕوداوێکی مێژوویی و گرینگ لە مێژووی خەباتی ماف خوازانەی ژنان بە گشتی و ژنانی ئازادیخواز بە تایبەتی دێتە ئەژمار.

تا ئەو کاتە واتە ساڵی ١٩٢١ هەر وڵاتیک لە ڕۆژێکی جیاواز بەڵام هەر لە مانگی مارس بۆنەی تایبەتیان بەڕێوە دەبرد.

تا لە ساڵی ١٩٧٨ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پێشنیاری کلارا زێتکین "یەکێک لە ناسراوترین پێشتازانی سوسیالیستی بزووتنەەی ژنان بڕیاریدا کە ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژن بە ڕەسمی بناسێت.هەرچەندە بەرێوەچوونی ئەم بۆنەیە لە زۆرێک لە وڵاتان بۆ نمونە نیشتمانی خۆمان ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەدەغەیە،دیسانیش ژنانی خەباتکار لەبۆنەو کۆر وکۆبونەوەی تایبەت دا ڕێز لەو ڕۆژە دەگرن.

دەبێ ئێمە ژنانی کورد باسی ڕۆژی٨ ی مارس بکەینە باسیک بۆ بەخۆداچوونەوەیەک و تێرامانێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دوای ٣٧ ساڵ تێپەر بوون بەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێستاش ژنان نیوەی شاراوەی ئەو کۆمەڵگایەن.لە سەرەتای ئینقلابەوە تا ئێستاش بە شوعاری ؛ژن دەبێ لە خزمەت ماڵ و منداڵ و مێرد دابێ؛ژنانی خانەنشین کردووە و پەرەی بە کۆیلەکردنی ژنان داوە،چونکە ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئێراندا باش دەزانێ بە کۆیلە کردنی ژنان کەسانی وشیار و ئازادیخوازیش پەروەردە نابن،تا ئێستاش هەر پەرەی بەو سیاسەتە داوەو ئەوە ژنانن دەبێ یەککگرتووانە بەگژ ئەو ستەمەدا بچنەوە.ئەوەش تەنیا بە خۆپێگەیاندنی ژنانە لە هەموو بوارەکاندا تا بتوانن توانایی خۆیان بسەلمێنن.

لە ٨ی مارسی ١٣٥٧ هێشتا مانگێک لە سەرکەوتنی شۆرشیک کە ژنانیش شان بە شانی پیاوان تێدا بەشدار بوون،تێنەپەریبوو کە خومینی دامەزرێنەری ڕێژیمی تازە ، فتوای حیجابی زۆرەملێ لەسەر ژنان دا.سەرەتای ئەو سەرکووتە سیستماتیکە بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتەکەی خۆیدا لە سەر ژنان بەرێوەی برد، خۆپشناندانی خۆرسکی ٨ی مارسی ١٣٥٧ یەکەم نارەزایەتی دەربرین دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە لایان ژنانەوە بوو کە بە نارەزایەتی لە فەرمانی حیجابی زۆرە ملێ هاتنە سەر شەقام و بە دروشمی (نا) ولامی فەرمانی خومینیان داوە. هەر ژنایشن کە بە چوونی ڕێژەیەکی زۆریان بۆ زانستگەو خوێندنگەکان سەلماندیان کە هیچ کۆمەڵگایەک بە بێ وشیاری ژنان و پێگەیاندنی ئەوان بە تایبەتی لە لایەن ژنان خۆیانەوە ڕەوتی پێشکەوتن نابینێ . لێرەدا دەبێ بڵەین کە ئەوە ژنان دەبێ بە وشیاری ڕۆژبەڕۆژی خۆیان کۆمەڵگایەکی باشتر و پێشکەوتوو درووست بکەن ، کە تا ئێستاش لەو ڕێژیمەدا دەرەتانی وەها کارێکیان سەرەڕای هەموو هەوڵێکیان پێ نەدراوە. هەر بۆیە ژنان تا گەیشتن بە ئاکامی دڵخوازی خۆیان کە کۆمەڵگایەکی ئازاد و پێشکەوتوویە لە خەبات بەردەوام دەبن و دەبێ خۆمان بۆ هەموو هەزینەیەک کە قەرارە لەو ڕێگایەدا بیدەین ئامادە بکەین .خەباتی دوور و درێژی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بێشک بە هاوکاری و هاوهەنگاوی هەردوولامان دەچێتە پێش و سەر دەکەوێ. بێگوومان خەبات لە پێناوی یەکسانیدا ئەرکی هەموو یەکسانیخوازێکە.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای ژنان لە پێناوی دەستەبەر کردنی هەموو ماف و ئازادیەکانیاندا.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٨ی مارسی ٢٠١٦ زایینی**
**١٨ی ڕەشەممەی ١٣٩٤ هەتاوی**

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە، ٧٠هەمین ساڵ یادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**ژنانی ئازادیخوازی کوردستان!**

سەرەتا بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە،٧٠هەمین ساڵوەگەری دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان،پیرۆزبایی لە سەرجەم ئەندامان ولایانگرانی ئەم ڕێکخراوەیە دەکەین.

**بەرێزان!**

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی سەرەرای تەمەنی کورتی گەلێک دەسکەوتی بە نرخی بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە دیاری هێنان،یەکیک لەو دەسکەوتە بە نرخانە دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە ژنان بوو،بە ناوی یەکیەتیی یایانی کوردستان کە ئێستا بە ناوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە خەبات دایە.دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی ژنان لەو سەردەمەدا کە کۆمەلگای ئێران بە گشتی و کۆمەلگای کوردستان بە تایبەتی کۆمەلگایەکی سوننەتی و لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەو پەری دواکەوتوویی دابوو و ژنان لە هەموو چینەکانی تری کۆمەڵگا زیاتر دەچەوسێنەرانەوەو زوولمیان لێ دەکرا. هەر بۆیە بە دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە دەرفەتێکی زێرین لەبەردەم ژنانی کورد دا کرایەوە و ژنان بۆ یەکەم جار توانیان داخوازییەکانی خۆیان بێننە گۆرێ ولە تەشەکولێ تایبەت دا بۆ ئامانجەکانیان خەبات بکەن.

هاندانی ژنان و هێنانیان بۆ نێو تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەگەریتەوە بۆ پێشکەوتوویی فیکری و دوربینی ڕێبەرانی کۆمار ولە سەروی هەموویانەوە پێشەوای نەمر کە لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێ کرد وبەو ڕەچەشکێنەی کە پێشەوا زیاتر لە نیو سەدە پێش ئێستا کردی نەرێتێکی پیرۆزی بۆ ڕێرەوانی خۆی و خەڵکی کوردستان بەجێ هێشت.هەر بۆیە جێ خۆیەتی لەو موناسبەتەدا ،سەری ڕێزووەفا بۆ دامەزرێنەرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای نەمر و مەرحوومی مینا خانمی قازی یەکەم بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە ،دانەوێنین.

**بەریزان!**

لە کاتێکدا یادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەکەینەوە کە جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە قۆناغێکی سەخت و دشواردا تێدەپەرێ،تیرۆریزمی نێو دەولەتی لە جیهان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە تایبەتی دژایەتی هەموو ئایین و نەتەوەیەک بەربەرەکانی دەکا و لە هەرچەشنە کردەوەیەکی دژی ئێنسانی سڵی نەکردووە.کوشت و کوشتاری خەڵکی بێ دفاع لە لایان ئەو ریکخراوە تێرۆریستانە بۆتە هۆی کۆچی بە کۆمەڵی مرۆڤەکان و ڕۆژنیە لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە قوربانی نەستێنێ.بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵات بە ئاقارێک گەیشتووە کە دەولەتان بیر لە گۆرینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بکەنەوە و گۆرانکاری تێدابکەن.خەبات و تێکۆشانی ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە تایبەتی شکلێکی نویێ بە خۆیەوە گرتووە و ژنانی کورد زیاتر لە پێشوولە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و لە مەیدان دان و لە دامەزراوەکانی دەولەت وەک پارلەمان وهێزی نیزامی و..هتد ڕۆڵی بەرچاو دەگێرن و شان بەشانی پیاوان لەو خەباتەدا زیاتر بەرەو پێش دەچن.خەبات و تێکۆشانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەرایی بەربەستەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە بەردەم ژنان لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی،ژنان لەو بەشە لە کوردستان دەیان هەوێ مۆرکیان بە سەرجەم ڕووداوەکانەوە بدن و حزوور و بەشداری ژنان لە چالاکییە مەدەنیەکانی وەک،چالاکی ژینگە پارێزی،وەرزشی،هونەری و بەشداری لە بزوتنەوە نەتەوەیەکاندا چەندین نموونەی زیندوو لە خەبات و تێکۆشانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.خەبات و تیکۆشانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێرای خەبات و تێکۆشانی ژنانی ئێران بۆ گۆرانکاری لە یاسای دژە ژنی کۆماری ئیسلامی،شان بە شانی ژنانی ئێران لەو بوارەو هەموو بوارەکانی سیاسی،کۆمەڵایەتی،فەرهەنگی و..هتد بەرچاو بووە و هەرچەشنە بزوتنەویەکی ئازادیخوازی لە وڵات سەری هەڵدابێ ژنانی کورد پیشەنگی ئەو بزوتنەوەیە بوون و لە و پێناوەش دا تووشی زیندان و ئازارو ئەشکەنجە هاتوون گیانیان لێ ئەستیندراوە.ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چۆک دانەهاتوون و خۆراگرانە بەربەرەکانی بۆ مافە رەواکانی خۆیان دەکەن و لە پەنا ئەوەش دا مەسەلەی نەتەوایەتییان لە بیر نەکردووە لەو بەرەیەش دا تێدەکۆشن و قوربانی دەدەن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەم بۆنە پیرۆزەدا داوا لە ژنانی ئێران بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی دەکا کە هەروەکوو لە رابردوو نیشانیان داوە لە بەرامبەر هەرچەشنە زوڵم و زۆری کۆنە پەرەستانە دژ کردەوە لە خۆیان نیشان بدەن و دیفاع لە ماف و ئازادییەکانیان بکەن وتا دەستەبەر بوونی مافەکانیان لە خەبات نەوەستن ولە پەنا ئەوەش چارەنووسی گەلەکەیان لە بیر نەکەن و بۆ رزگاری گەڵ تێ بکۆشن. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە خەباتی ڕەوایان دەکاو پەیمان و بەلێن لەگەڵ ژنانی کوردستان نوێ دەکاتەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرز و ئینسانیەکانی ژنان،بە پیشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تێکۆشان ناوەستێ و بەردەوامە لە خەبات.لەو بۆنەیەدا جێ خۆیەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا کە پاڵپشت و ڕێنوێنی یەکیەتیی ژنان بووە،هەربۆیە لەم ڕۆژە پەیمان و بەڵێن نوێ دەکەینەوە تا وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی حیزب و گەڵ وەک پشتیوانێکی بەهێز و وەفاداری حیزب،لە هیچ چەشنە فیداکاری ولەخۆبردووییەک دەریغی ناکەین.

پیرۆز بێ ٢٤ی ڕەشەممە،حەفتایەمین ساڵوەگەری دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٤ی هەتاوی**
**١٤ی مارسی ٢٠١٦ی زایینی**

# بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی کوولتووری هونەریی یەکیەتیی ژنان

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە بەرەبەری یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆیدا فستیڤاڵێکی کولتووری هونەریی لە قەڵای دێموکراتدا بەڕێوە برد.

لەو فستیڤاڵەدا کە ڕۆژی شەممە، ٢٢ی ڕشەممە بەبەشداریی ئەندامانی یەکیەتی ژنانو بە مەبەستی بە زیندوو ڕاگرتنی کەلەپووری کوردیو





جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک چالاکیی هونەری پێشکێش کران.

لایەلایەی سەر بێشکە، مەشکەژاندنو پێداهەڵگوتنی مەشکە، خوێندنەوەی شیعر و خواردنی چێشتی کوردەواریو هەڵپەڕکێ چەند



بڕگەیەکی ئەو فستیڤاڵە بوون کە لەلایەن کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بنەماڵەکانیانو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا.

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان چەند ڕۆژ پێش ئێستاش لە چالاکیی‌یەکی دیکە کە ڕۆژی ٥شەممە، ٢٠ی ڕەشەممە بەڕێوەی بردبوو، ماراتۆنێکی ڕاکردنی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان پێکهێنا.

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان ئەو چالاکی‌یانەی لە پێشوازی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی خۆیدا پێک هێناوە. ئەو ڕێکخراوەیە زستانی ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە دامەزرا.

سیاسی

# کارەساتی هەڵەبجە و ناسینی بە ژێنۆساید



عومەر باڵەکی

ڕۆژی ١٦ی مارسی هەموو ساڵێ (٢٦ی ڕەشەمە) بیرخەرەوەی ڕوداوێکی تاڵ و دڵهەژێنە بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی و گەلی کورد لە باشوری کوردستان بە تایبەتی، لەو ڕۆژەدا جینایەتێکی سامناک درحەق بە بەشێک لە خەڵکی کورد واتە لە سەر دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو کە دەتوانین بڵێین لە دوای کارەساتی «هیروشیما وناکازاکی» ژاپۆن، مێژووی مرۆڤایەتی کارەساتێکی وای بە خۆیەوە نەدیبوو، بە تایبەتی کە ئەو جینایەتە سامناکە لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە بە دژی خەڵکی ئاسایی کە بە بەشێک لە هاووڵاتیانی عێراق دەهاتنە ئەژمار، بەڕێوەچوو. واتە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە خەڵکی بێتاوانی وڵاتەکەی خۆیان بە چەکی قەدەغەکراو، لەبەر چاوی دنیای پێشکەوتوو قەتڵیعام کرد، بە شێوەیەک کە لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی حەشیمەتی شاری هەڵەبجە بە هۆی هەڵمژینی گازی شیمیایی گیانیان لە دەست دا و شار لە ماوەی چەند سەعات دا بوو بە شاری مردووان و ئاسەواری ژیانی لێ ئەستێندراوە.

لە کاتێکدا ئەو جینایەتە سامناک و دوور لە ویژدانی مرۆڤایەتی ڕووی دا کە دنیا لە کۆتایەکانی شەری ساردی نیوان جەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا دەژیا و بە هۆی ململانی و کێبەرکێی بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و پاراستنی بەرژەوەندی زلهێزەکان،جیهان لە بەرامبەر ئەو جینایەتە سامناکە کە خۆی بە تەنیا تراژیدیایەک بوولە سەدان تراژیدیای دیکە کە بەسەر نەتەوەی کورد دا هاتبوون، بێدەنگ بووو وای کرد کە ئەوجارەش وەک هەموو جارەکانی دیکە، مافی کورد پشت گوێ بخرێ. تەنانەت دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵاتی ئەو کات بە نوسراوەیەک یا زارەکیش ئەو کردەوەی دەوڵەتی ئەو کاتی عێراقیان مەحکوم نەکرد.

ئەو کارەساتەی بەسەر هەڵەبجە داهات لە تەواوی ئەو ماوە زەمەنییەدا کە کوردستان بە هۆی بەرژەوەندی زلهێزەکان بەسەر چوار دەوڵەت دا دابەش بوو، بەڕادەی کەم و زۆر و مانگ و ساڵ نەبووە بەسەر خەڵکی کوردستان دا نەیە، ئەویش لە شێوەی بیرکردنەوە وتیروانینی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان دا سەرچاوەی گرتووە کە هەمووکات بە کردەوەی ڕێکخراو و سازماندراوی وەک:

«گۆڕینی دێموگرافی کوردستان»، «کوچی ئیجباری»، «بڵاوکردنەوەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتیەکان»، « بە تاڵانبردنی سامانی نەتەوەیی کورد»، «قەدەغەکردنی زمان»، «شێواندنی مێژوو» و دەیان بەرنامەو پلانی دیکە، لە هەوڵی ئەوە دابوون کە کورد لە نیو نەتەوەکانی خۆیاندا بتوێننەوە و نیشتمانەکەی داگیر بکەن، بەڵام بەوحاڵەش لەماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا نەتەوەی کورد بۆ وەدەست هێنانەوەی مافەکانی خۆی و وەسەریەکخستنەوەی نیشتمانەکەی لە خەبات کردن ڕانەوەستاوە و لەو ڕێگایەدا قوربانی زۆری داوە، بەڵام بە پێچەوانەی دوژمنەکانی قەت هێرشبەرنەبووە، بەڵکوو هەوڵی داوە دەرکی ڕاستییەکانی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و هەلومەرجی ناوچەکەی کە تیدا دەژی، بکا. بەڵام دوژمنەکانی ڕاست بە پێچەوانەوە جوڵاونەتەوە و زۆر جاران هەموو ئەو پرنسیپ و پابەندییە نێودەوڵەتییانەی کە خۆیان ئیمزایان کردوە یا تێیاندا ئەندامن لە ژێرپێ ناوەو بۆ سەرکوت و پاکتاوکردنی ڕەگەزی، هەموو سنوورەکانی دڕندەیی وفەوتان واتە ژینوسایدیان تێپەر کردوە، چونکە بە پێی ئەو پێناسانەی کە بۆ جینایەتی ژێنۆساید کراوە بەشێکی بەرچاوی کردارەکانی دەوڵەتی زال بەسەر کوردستاندا دەچنە ئەو بازنەیەوە.

وشەی ژێنۆساید لە سەرەتاکانی شەڕی دووهەمی جیهانی دا هاتە نێو قامووسی سیاسی و قانوونی بۆ ئەوەی ناسێنەری ئەو جینایەتە دڕندانانە بێت کە نازییەکانی ئاڵمانی لە حاڵی پێشرەوی خۆیاندا بەرەو یەکیەتیی سۆڤیەت بە دژی خەڵکی لەهێستان بەڕێوەیان دەبرد، جیهانی ئەو کاتی توشی سەرسووڕمان کرد و تەنانەت سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بریتانیا سەبارەت بەو تاوان و جینایەتەی سپای ئاڵمان دەڵی «ئێمە لە حاڵی ئیستادا شاهیدی بەڕێوەچونی تاوانێکین کە ناوی نییە».

«ڕافائێل لمکین» قانوون زانی لەهێستانی



ئەو جینایەتی ناونا «ژێنۆساید» و بەو جۆرە پێناسەی کرد:

«مەبەستی ئێمە لە دستە واژەی ژێنۆساید، لە نێوچوونی کۆمەڵێکی نەتەوەیی یا نیژادیە. ئەو واژەیە لە لایەن نوسەرەوە داهێندراوە هەتا بەکردارێکی کۆن لە ڕوخساری نوێ دا مانای پێ ببەخشێ.... ژێنۆساید بە دژی کۆمەڵێکی نەتەوەیی کە بوونیان بە شێوەی سەربەخۆ هەیە، بەڕێوەدەچێ و بەڕێوەبردنی کرداری لەو بابەتانە نە بە هۆکاری کەسایەتی فەردی قوربانییەکان، بەڵکوو بە هۆی ئەندامەتیان لە کۆمەڵێکی نەتەوەیی لەسەریان جێبەجێ دەکرێ.»

بەو پێناسەیە بێت هەموو ئەو کردارانەی کە پێشتر باسمان کرد دەچنە خانەی ژێنۆسایدەوە، یا بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین چاو لە پێناسانە بکەین کە لە دادگاکانی جۆراوجۆر کە لە وڵاتی جیاواز بە مەبەستی سزادانی تاوانبارانی ژێنۆساید پێک هاتوون. لە مادەکانی ٤و٢ پێرەوی دادگاکانی تایبەتی سزادانی «یوگوسلاوی و ڕواندا» هەمان پێناسەیان کردوە لە مادەی ٢ی کۆنوانسیونی قەدەغە و سزادانی جینایەتی ژێنۆساید. لەو کۆنوانسیۆنەدا دەڵێ: «هەر یەک لەو کردەوانە کە بە نییەتی لەنێوبردنی تەواو یان بەشێک لە کۆمەلێکی نەتەوەیی، نیژادی یان مەزهەبی بەڕێوە بچێ بە ژێنۆساید دەناسرێ .» هەروەها کردەوەکانی لە ٥ خاڵ دا بەشێوەی خوارەوە دەسنیشان کردەوە:

ا: کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە.

ب: گەیاندنی زیانی قەرەبوونەکراو بە سلامەتی جەستەیی و ڕوحی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە.

ج: دانانی بە ئانقەستی کۆمەڵەیەک لە هەل ومەرجی نالەباری ژیان کە ببێتە هۆی لەنێوچوون و تەلەف بوونی تەواو یا بەشێک لەو کۆمەڵەیە.

د: بەڕێوەبردنی هێندێک کردار بە مەبەستی پێشگیری لە زاووزێ لە نێو ئەو کۆمەڵەیەدا.

ە: ڕاگواستنی ئیجباری مندالانی کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی دیکە.

لێرەدا پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە مادەی ٥ی پەیرەوی دیوان سزادانی نێونەتەوەیی و مادەی ١١ لە پەیرەوی «دادگای تایبەت بە جینایەتی جەنگی عێراق» داهەر هەمان پێناسەی سەرەوەیان بۆ ژێنۆساید دووپات کردۆتەوە.

لە سەردەمی ئێستا دا قەدەغە کردنی ژێنۆساید پێگەیەکی بەرزی لە نێو پەیماننامە و ڕێوشوێنە قانونییەنێونەتەوەیییەکاندا هەیە و تەواوی دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ پێشگیری لە جینایەتی ژێنۆساید و سزادانی بکەرانی، پابەندیان هەیە و بەستنی هەر پەیمانێک یان ڕێککەوتننامەیەک کە دژایەتی هەبێ لە گەڵ قەدەغە کردنی ژینوساید لە ڕوانگەی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە پوچ و بێ ئیعتبارە، چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جۆراوجۆری زۆری تێدایە و پاراستنی ئەو جۆراوجۆرییە بۆتە یەکێک لە بنەماکانی نەزمی گشتی نێونەتەوەیی، واتە ئەگەر ئەو جۆراوجۆری نەتەوەیی و نیژادی و مەزهەبی و زمانی نەپارێزەرێ نەزمی گشتی نێونەتەوەیی تێک دەچێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بەداخەوە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چارەگەسەدەیەک هێشتا لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەوڵەتییەوە تاوانی هەڵەبجە بە ژێنۆساید نەناسراوە و یەکێک لە پێویستییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە سەدەی ئیستادا ناسینی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە بە تاوانی ژێنۆسایدە، چونکە ئەگەر تاوانی شیمیایی بارانی هەڵەبجە بە ژێنۆساید بناسرێ، دەتوانێ ببێتە پاڵپشتێکی قانوونی بۆ نەتەوەی کورد و، ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و لەگەڵ جوڵانەوەی ئازادیخوازی ڕۆڵەکانی کورد ڕوبەڕوون، جارێکی دیکە نەتوانن بیر لە خوڵقاندنی کارەساتێکی لەو بابەتە بکەنەوە و لە هەمان حاڵ دا ئەگەر بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە بە ژێنۆساید بناسرێ، هەم دەوڵەتی عێراق و هەم وڵاتانێک کە یارمەتیدەری عێراق بوون لە دەسراگەیشتن بە چەکی شیمیایی دەبێ قەرەبووی دەسەڵاتی کوردی و کەس و کاری قوربانیانی ئەو کارەساتە بکەنەوە و ئەوەش دەبێتە هەنگاوێک بۆ ئەوەی پێشگیری بکرێ لە دووپات بوونەوەی کارەساتی لەو بابەتە و لە لایەکی دیکەوە ئەگەر دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هەست بەوە بکەن کە کۆمەڵگای جیهانی بەرامبەر بە کردەوەی لەو بابەتە بێدەنگ نابێ، بە خاتری ئەوەش بێ بیر لەوە ناکەنەوە کە دەست بۆ هەموو کردەوەیەکی قێزەون بەرن بۆئەوەی کورد لە نێوبەرن و نیشتمانەکەی داگیر بکەن.

سیاسی

# لە ناڕەزایەتی جەماوەرییەوە بۆ ڕاگەیاندنی فیدڕاڵی



ڕەحمان پیرۆتی

لە کۆتایی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٩ـەوە بە خۆسووتاندنی «محەممەد بوو عەزیزی» توونسی، بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی جەماوەری لە هەندێک وڵاتی باکووری ئەفریقا و باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا دەستی پێکرد. ئەو بزووتنەوەیە زۆر زوو سنووری توونسی بڕی و وڵاتانی میسر، لیبی، یەمەن، بەحرەین و سووریەی گرتەوە. شوناسی سەرەکیی ئەو بزووتنەوە خەڵکییە، تەقینەوەی ناڕەزایەتیی کەڵەکەبووی خەڵکی هەژار و ستەملێکراو بوو لە ڕێگەی گوشاری جەماوەرییەوە، بەڵام زۆری نەکێشا حکوومەتی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتانەدا ناڕەزایەتیی جەماوەرییان بەرەو توندوتیژی برد، کە تا ئێستاش لە سووریە و یەمەن بەردەوامە.

دوای زیاتر لە پێنج ساڵ شەڕ و پشێوی لە نێوخۆی سووریە و دەستتێوەردانی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان، لە چوارچێوەی دانوستانەکانی ژنێڤی ٣ دا بڕیار دراوە شەڕ لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و حکوومەتی ئەسەد ڕابگیرێ. وەک بە کشانەوەی هێزەکانی پیادەی ڕووسیەشڕا دیارە، زلهێزەکان ڕێک کەوتوون کە شەڕی سووریە نەکرێتە بیانوویەک بۆ جێگیرکردنی هێزە بیانییەکان لەو وڵاتەدا. هەرچەندە تا ئێستاش ئەو دوو بڕیارە بەتەواوی جێبەجێ نەکراون، بەڵام هەنگاوێکی بەرەو پێشن لە چوارچێوەی چارەسەری قەیرانی سووریە و ناوچەکەدا. وەک چاوەڕوان دەکرا، لایەنە نێوخۆیی و هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لەوە گەیشتوون کە هیچیان توانای سڕینەوەی ئەوانی دیکەیان نیە و وڵاتانی بەشدار لە شەڕی سووریەش بەتایبەت بەهۆی قەیرانی ئابووری و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت توانای کێشانی باری قورسی شەڕی پڕ تێچووی سووریەیان نیە. هەروەها دەشزانن کە دۆخی شەڕ لەو وڵاتە باشترین دەرفەتە بۆ گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان، بۆیە چارەیەک نابینن جگە لە هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانی سووریە. بۆ گەیشتن بەوەش چەند کۆسپی سەرەکییان لەپێش دان. یەکەم چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکککەوتننەیە، چونکە نە هەموو لایەنەکانی شەڕ لەو ڕێکککەوتنەدا بەشدارن و نە لایەنەکانیش بۆ چارەسەری سیاسی متمانەیان بە یەکتر هەیە. هەروەها حکوومەت و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هێزەکانی پشتیوانی دوو لایەن تا ئێستاش نەیانتوانیوە لەسەر بنەماکانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و چۆنیەتی گواستنەوەی دەسەڵات ڕێک بکەون. تائێستاش پلانێکی ڕوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و لەنێوبردنی هێزە تیرۆریستییەکان بە تایبەت ڕێکخراوی داعش و بەرەی نوسرە نیە کە زیاتر لە یەک لەسێی خاکی سووریەیان لەدەستدایە.

پرسێکی گرینگی دیکەش، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئیداریی داهاتووی سووریە و، بەتایبەت چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بەڕێوەبەریی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە کە بە تازەیی دامەزراندنی سیستمی فیدراڵییان لێ ڕاگەیەندراوە.

پارتی یەکیەتی دیموکراتیک،هێزی سەرەکیی پشت ڕاگەیاندنی فیدراڵییە کە بۆ دانوستانەکانی ژنێڤ نەخوێندراوەتەوە و بەشداریی پێنەکراوە. پەیەدە کە بە کردەوە دەسەڵاتی زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای لە دەستدایە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵێک هێزی سیاسی و پێکهاتەی ڕۆژئاوا کە لێی نزیکن، بە ڕاگەیاندنی سیستمی فیدراڵی چاوی لە پێکانی دوو ئامانجی سەرەکییە. یەکەم پەیوەندی بە بانگ نەکرانیان بۆ ژنێڤ ٣وە هەیە و دەیانەوێ هەموو لایەنەکان دان بەو ڕاستییەدا بنێن کە جگە لەوەی شەرڤانانی یەپەگە هێزێکی سەرەکی بەرامبەر داعش و هێزە توندڕەوەکانی دیکەن، زیاتر لە یەک پێنجەمی خاکی سووریەیان بەدەستەوەیە و دەبێ لە هەر وتووێژ و بەرنامەیەکی تایبەت بە داهاتووی سووریەدا بەشدار بن. هەروەها دەیانەوێ پێش کۆتاییهاتنی دانوستانەکان و هەر ڕێککەوتنێک، یەکەیەکی سیاسی و جوغرافیایی یەکدەست لە ڕۆژئاوای کوردستان بکەن بە ئەمری واقع کە ئەوەش هەنگاوێکی بەرەوپێش و لەجێی خۆیدایە. دیاریکردنی سیستمی فیدراڵی بۆ سەقامگیریی سیاسی و ئیداری و یەکپارچەیی جوغرافیایی لە ڕۆژئاوای کوردستان گرینگە. سەرەڕای ئەو گرینگییە، ڕاگەیاندنی فیدراڵی لە ڕۆژئاوا دوو کێشەی سەرەکیی هەن. یەکەم ئەوە کە ئەو




فیدراڵییە لە بنەماکانی فیدراڵیی ئیداری نزیکترە تاکوو سیستمێکی فیدراڵی لەسەر بنەمای هەبوونی کیانی نەتەوەیی. دووەمیش ئەوە کە لە ڕاگەیاندنی سیستمی فیدراڵیدا هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی ئەو سیستمەدا ڕێگەی بەشداربوونیان بۆ نەکراوەتەوە. هەرچەندە هێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا بەهۆی ئەو دوو کەمایەسییە سەرەکییەوە پشتگیریی ڕاگەیاندنی فیدراڵی لەلایەن پەیەدەیان نەکردوە، بەڵام ئەگەر ناو و جەوهەری فیدراڵییەکە گۆڕانی بەسەردا بێ و لایەنەکانی نێو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە و دامەزراوە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکە بەشدارییان پێبکرێ، کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و بۆ دانوستان لەگەڵ لایەنە سوورییەکانیش پێگەیەکی بەهێزتری بۆ داکۆکیکردن لە سیستمی فیدراڵی دەبێ.

سیاسی

# ئەوەی ئەحمەد شەهید نەیدی



**عەلی بداغی**



ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتدەری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران بەر لە نەورۆز یازدەهەمین ڕاپۆرتی خۆی پێشکێشی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

ئەحمەد شەهید کە ماوەی پێنج ساڵە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەرکی چاوەدێریی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێرانی پێسپێردراوە، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە سەردانی ئێران بکا، بەڵام لە ڕێگای ئەو ڕایەڵەو پێوەندییانەوە کە دروستی کردوون توانیویەتی کۆمەڵگەی جیهانیو ناوەندەکانی بڕیار لە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران ئاگادار بکا.

لەو نێوەدا ئەگەر لەلایەک کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بەو ڕاپۆرتانەی ئەحمەد شەهید قەڵسەو پێی وایە ئامانجی سیاسییان بۆ ڕەشکردنی کۆماری ئیسلامی لە پشتە، ئەو ڕاپۆرتانە ڕەخنەی ئەوەشیان هاتۆتەوە سەر کە بە شێوەیەکی گشتیو وەک خۆیو دادپەروەرانە چاوی بەسەر هەموو پێشێکردنەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران نەبووە؛ بە تایبەت کە پرسی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ناوچە ئێتنیکییەکان وەک خۆیو بە گوێرەی پێویست بایەخی پێنەدراوە.

ڕاستە ئەحمەد شەهید بە حەق لەداردرانی ٩٦٦ کەس لە ئێرانی لە ساڵی ٢٠١٥ دا لەهەڵلا دەدا، بەڵام بەردەوامیی ئێعدامە سیاسییەکان لە کوردستان نابینێ. ئەگەر زیاتر لە نیوەی ئەو ٩٦٦ کەسە بە تاوانی بازرگانیی ماددەی هۆشبەرو کوشتنی بە ئانقەست لەدار دراون، لە کوردستان ئێعدام لە سەر بیرو باوەڕی نەتەوەیی درێژەی هەبووەو لەو ساڵەدا ٤ زیندانیی سیاسیی کورد بەناوەکانی مەنسوور ئاروەند، حەبیب ئەفشاری، عەلی ئەفشاریو بێهرووز ئالخانی لەدار دران. ئێعدامی زیاتر لە ١٦ چالاکی ئایینیی کوردی سوننیمەزهەبیش لە جێی خۆی کە بە تۆمەتی «محاربە» لەو ساڵەدا گیانیان لێئەستێندرا.

هەر لەو ساڵەدا ٣٦ کەس لە خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە پێچەوانەی ڕێوشوێنو قانوونەکانی خودی کۆماری ئیسلامییش، بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراونو بریندار بوون، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهیددا هیچ ئاماژەیەک بەو تراژیدییانە نەکراوە.

لە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهیددا ئاماژە بە پێشێلکردنی مافی ئازادیی دەربڕینی بیرو باوەڕ کراوەو تێیدا هاتوە، کە لە ساڵی ٢٠١٥دا، شەش نووسەرو هونەرمەند و مۆسیقاژەن لەگەڵ ٢٢ ڕۆژنامەنووسو ٢٣ چالاکی مەدەنی لە ئێران دەستبەسەر کراون. بەڵام کە بەدواداچوونی ناوو نیشانی ئەو کەسانە دەکەین، دەبینین سەرنجو داتاکانی ئەحمەد شەهید لە سەر پێشێلکردنی مافی نەتەوە نافارسەکان نیە، وەک چۆن دەبینین لە ماوەی ساڵی ٢٠١٥ دا هەر بە داننانی سەعید مونتەزیرولمەهدی، وتەبێژی هێزە ئینتیزامییەکانی ئێران زیاتر لە ١١٠ چالاکی سیاسی، مەدەنیو ڕۆژنامەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیراونو بە زیندانی درێژخایەنیش حوکم دراون، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز ئەحمەد شەهیددا جێیان بەتاڵە.

پێنجداکوتانی سیاسەتی هەڵاواردن تەنانەت لە جۆری هەڵسوکەوتی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زیندانیانی سیاسیو چالاکانی کوردو پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤی کورد لە ئێرانیش شتێکە کە ئەحمەد شەهید لە بەدواداچوونەکانیدا کەمتر خۆی لێداوە. وەک چۆن دەبینین کە بۆ کردەوەی وەک یەک سزای وەک یەک نیەو چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کورد لە سەپاندنی ماوەی زیندانو دوورخرانەوە و بێبەشی لە مافەکان لە زینداندا پشکی شێریان پێ دەبڕێ.

ئەمن دەخوازم کە ئەحمەد شەهیدو ستافەکەی بەهۆی ئەوەی ڕێگەی سەردانی ئێرانیان پێنادرێو لەوانەیە سەرچاوەی هەواڵو زانیارییەکانیان سنووردار بن ڕاپۆرتەکانیان ئەو تێبینییانەیان لەسەر بێ، نەک ئەوەی تێڕوانینێکی «ناوەندگەرایانە«یان بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران هەبێ، یان ئەوەی « ملاحظات»ی سیاسی وای کردبێ ئەوان لا لە مافی نەتەوە بندەستەکان نەکەنەوە. دەنا ڕێگەدان بە هەڵبژاردنی دوو واحید خوێندنی زمانی کوردی لە تەنیا یەک زانکۆی کوردستان شتێک نیە کە ئەو وەک دەسکەوتێکی بەرچاو بۆ کورد لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی پێبدرێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەمڕۆکە زیاتر لە ١٠ میلیۆن کورد لە خوێندن بە زمانی زگماکی بێبەشنو تا ئێستاش هیچ بەرنامەیەک لە ئێران بۆ خوێندن بە زمانی دایک بۆ نەتەوە غەیرەفارسەکان لە گۆڕێدا نیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کوردستان بەهۆی ئەو کەشە ئەمنیەتییەی بەسەریدا زاڵ کراوە، سروشتی هەر چەشنە مافخوازییەکیش بە دڵی ناوەندە سەرکوتکەرەکان دەگۆڕدرێ، ڕۆژنامەنووسانی ڕەخنەگر، چالاکانی مافخوازی کرێکاری ، ژینگەپارێزانی بەهەڵوێستو چالاکانی مەدەنیی کورد یەکدابەدوو پەروەندەی ئەمنیەتییان بۆ دروست دەکرێو سزای قورسی زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپێ.

ئەمانە دروشم نینو ئەحمەد شەهید دەبوو بیدیبایە کە محەممەد سدیق کەبودوەند تەنیا بە تاوانی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد لە ڕێگەی دامەزرانی ڕێکخراوەیەک بۆ ئەو مەبەستە ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە؛ یان خوسرەو کوردپوور، ڕۆژنامەنووسی لاوی کورد تەنیا بە تاوانی ڕوومالی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە زیندانییانی سیاسی سزای ٦ ساڵ زیندان لە دوورخراوەییدا بۆ بڕاوەتەوە.

کارو چالاکییەکانی ئەحمەد شەهیدو ڕاپۆرتەکانی گرینگو جێی بایەخن، بەڵام ئەگەر ئەحمەد شەهید دەیەوێ ڕاپۆرتەکانی ئاوێنەی باڵانوێنی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بن، دەبێ زیاتر لەوە خۆی بە پرسی پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان لە ئێران ماندوو بکاو چاوەدێریی زیاتر بخاتە سەر ئەو بەشە لە چالاکییەکانی؛ لەو نێوەشدا پێوەندیی زیاتر بە هەڵسووڕاوانی بواری مافی مرۆڤ لە کوردستان و حیزبە سیاسییەکانەوە بگرێ؛ بۆ ئەوەی هیچ لایەنێکی ئەو دۆخەی لەبەرچاو ون نەبێ.

سیاسی

# هێرشە تێرۆڕیستییەکانی برووکسێل، ئورووپایان هەژاند!



**ڕەزا محەممەدئەمینی**



جارێکی دیکەش دەستی ڕەشی تێرۆر جینایەتێکی سامناکی قوڵقاند و کۆمەڵێک خەڵکی بێتاوانی خەڵتانی خوێن کرد. ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو ٢٢ی مارس(٣ی خاکەلێوە) سێ تەقینەوەی بەهێز لە فڕۆکەخانە و مێترۆی شاری بڕووکسێل لە بێلژیک روویاندا کە بەداخەوە دەیان کوژراو و برینداری لێکەوتەوە. ئەو کردەوە تێرۆڕیستییانەی بێلژیک لەکاتێکدا ڕوویاندا کە لەلایەک لە چەند حەوتووی ڕابردوودا چەند جار کاربەدەستان و هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو وڵاتە ڕایانگەیاندبوو کە ئەگەری ڕوودانی کردەوەی تێرۆڕیستی هەڕەشە لە بێلژیک دەکا و لە لایەکی دیکە پاش ماوەیەکی زۆر ڕاوەدوونان، چەند ڕۆژ لەمەوبەرهێزەکانی پۆلیسی ئەو وڵاتە توانیبوویان تاوانباری سەرەکیی هێرشەکانی نۆڤامبری پاریس بدۆزنەوە و وێڕای چوار کەسی دیکە دەسبەسەری بکەن.

هەروەک چاوەڕوان دەکرا، ئەو کردەوە تێرۆڕیستییانەش وەک هێرشەکانی پاریس لەلایەن تێرۆڕیستەکانی سەر بە داعشەوە بەئەنجام گەیشتوون و مەبەستیان ترساندن و تۆقاندنی خەڵک و تۆڵەسەندنەوە لە دەوڵەتی بێلژیک و بەگشتی یەکیەتیی ئورووپایە. بەتایبەت کە لەپاش هێرشەکانی پاریس دەرکەوت تێرۆڕیستەکان پلان و نەخشەی خۆیان لە خاکی بێلژیکەوە دارشتوە و هەر لەوێشەوە پێداویستییەکانیان ئامادە کردوە و لەڕاستیدا شانەی سەرەکی تێرۆڕیستەکانی داعش، لەو وڵاتەدایە. جگەلەوەش برووکسێل، وەک پێتەختی وڵاتی بێلژیک و وەک ناوەندی سەرەکیی یەکیەتیی ئورووپا و کۆڕی گشتیی وڵاتانی ئورووپایی، هەم بۆ ئەو وڵاتانە و هەم بۆ تێرۆڕیستەکان گرینگیی تایبەتیی خۆی هەیە. داعش بەو کردەوە تێرۆڕیستییە کە درێژەی زنجیرە کردەوە تێرۆڕیستییەکانی ڕابردوویەتی، لە ڕاستیدا شەڕی لەگەڵ گشت وڵاتانی ئورووپایی ڕاگەیاندوە و بەو کردەوە جینایەتکارانەیە ئەو پەیامە مەترسیدارەی پێ ڕاگەیاندوون کە مەیدانی شەڕ، تەنیا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی سووریە و عێراق نییە و ئەوان ئەمنیەت و ئاسایشی ئورووپاش دەشێوێنن.

کردەوە تێرۆڕیستییەکانی برووکسێل هەرلەوکاتەدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییە سامناکەن کە داعش و ڕێکخراوە تێرۆڕیستییە ئیسلامییەکانی دیکە، ڕایەڵکەیەکی بەربڵاویان لەنێو کۆڕوکۆمەڵە عەرەبی و ئیسلامییەکانی وڵاتانی ئورووپاییدا هەیە. هەر ئەو جێگە و پێگە بەربڵاوەشە کە بۆتە بەستێنێکی لەبار بۆ ئەو ڕێکخراوانە کە شانەی بەهێزی تێرۆڕیستییان تێدا پێکبێنن. کردەوە تێرۆڕیستییەکانی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو لە ئورووپا و کردەوە خۆکوژییەکانی ئەم دواییانەی برووکسێل، جگەلەوەی ئەمنیەت و ئاسایشی لەو وڵاتانەیان لاواز کردوە، تۆوی ترس و گومان و بێ باوەڕیشیان لەنێو خەڵکی ئەو وڵاتانە بەرانبەر بە عەرەب و موسڵمانەکاندا چاندوە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی بەهێزبوونی ڕاسیزم و ڕەگەزپەرستی و هەستی دژایەتیکردن لەگەڵ بێگانەکانی دانیشتووی وڵاتانی ئورووپایی و تەنانەت هێرشکردنەسەر ماڵ و مزگەوتی موسڵمانەکان. لەڕاستیدا ئەو کردەوە تێرۆڕیستییانە، هاندەر و پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ بیروڕای گشتیی خەڵکی وڵاتانی ڕۆژاوایی کە ڕوو لە حیزب و ڕێکخراوە ڕاست و توندڕەوەکانی ئەو وڵاتانە بکەن و خوازیاری گرتنەبەری سیاسەتی دژایەتی لەگەڵ خاریجییەکان بن.

ئەو کردەوە تێرۆڕیستییە هەروەها نیشانیدا کە سەرەڕای بەردەوامی شەڕ لە دژی تێرۆڕیستان لە سووریە وعێراق، ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی و بە گشتی کۆمەڵگەی جیهانی لەو شەڕەدا سەرکەوتنێکی بەرچاویان نەبووە و دەبێ بۆ سەرکەوتن بەسەر داعش و ڕێکخراوە بناژۆخوازە ئیسلامییەکاندا، هەوڵ و کوششی جیدیترو لێبراوانەتر بدەن. بۆ دابین کردنی ئەمنیەت و هێمنی لە وڵاتانی ئورووپاییدا، لەگەڵ ئەوەی هێزە ئەمنیەتییەکان دەبێ هەوڵی شێلگیرانەتر بۆ لەنێوبردنی هێلانە و شانە تێرۆڕیستییەکان لەو وڵاتانەدا بدەن ، ئەو وڵاتانە دەبێ بە دانانی ستراتێژییەکی واقعبینانە، هەوڵ بدەن ڕیشەکانی بەهێزبوون و بڵاوبوونەوەی ئەو سەرەتانە وشک بکەن. ئەو شەڕە تەنیا بە بۆردومانکردنی پێگەکانی داعش و ئەلقاعیدە و ... کۆتایی نایە و دەبێ کۆمەڵگەی جیهانی و زلهێزەکان و بەتایبەت ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و ڕووسیە لەلایەکی دیکە، سیاسەتێکی یەکگرتوویان بۆ لەنێوبردنی تێرۆڕیزم هەبێ و لەو پێناوەدا بە چارەسەری عادیلانەی کێشە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زەمینەی سەرهەڵدانی داعش و ئەلقاعیدە و دەستە و تاقمە تێرۆڕیستییەکان لەنێو بەرن. بەیارمەتیدان و بەهێزکردنی هێزە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ داعش، بەتایبەت هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤان لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان، ئەمریکا و ڕووسیە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەتوانن دڵنیا بن کە لە کورتخایەندا لە هەر دوو وڵاتی سووریە وعێراق لە باری نیزامییەوە بەسەر تێرۆڕیزمدا زاڵ بن. هەروەها بۆ لەنێو بردن و خاشەبڕکردنی بیری بناژۆی ئیسلامی و سەلەفیەت و دەستەو تاقمە تەکفیرییەکان لە درێژخایەندا، کۆمەڵگەی جیهانی و زلهێزەکان دەبێ تێبکۆشن لەهەموو بوارە ئابووری و دینی فەرهەنگییەکاندا بەگژ تێرۆڕیزمدا بچێتەوە.

لە ئاستی جیهانیدا داعش و دەستەو تاقمە تێرۆڕیستییەکان لەو شوێن و وڵاتانەدا گەشە دەکەن کە نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی و دێمۆکراسی و هەروەها قەیرانە لەمێژینە سیاسییەکان پەنگیان خواردۆتەوە و بەستێنێکی لەباریان بۆ سەرهەڵدانی بناژۆیی ئیسلامی و سەلەفیەت پێکهێناوە و لەئاکامدا شەڕ و ڕق و تووڕەیی نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئایینیی لێکەوتۆتەوە. هەر بۆیەش بۆ ڕیشەکێشکردنی توند و تیژی و نەهێشتنی دەمارگرژیی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی، دەبێ ناکۆکییەکان بە شێوەی بنەڕەتی چارەسەر بکرێن و ڕووحی لێبووردەیی و بەیەکەوە ژیانی ئاشتییانە و دێمۆکراسی و قەبووڵی جیاوازییەکان پەرەی پێبدرێ.

تێرۆڕیزم، وەک بەڵایەک کە بەرۆکی مرۆڤایەتیی گرتوە و ئەمنیەتی جیهانی لە مەترسی هاویشتوە، هەتا ئازادی و دێمۆکراسی لە ناوچە قەیراناوییەکانی جیهاندا سەقامگیر نەبێ، هەتا نەتەوە ژێردەستەکان بەژێردەستەیی بمێننەوە، هەتا دیکتاتۆڕەکان بەسەر ئەو وڵاتانەدا زاڵ بن و بە ئاشکرا و شاراوە پشتیوانی لە دەستەو تاقمە تێرۆڕیستییەکان بکەن، هەتا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی سامانە گشتییەکان بەکردەوە نەکرێ، ئەو دیاردە دزێوە هەر دەمێنێ و مرۆڤایەتی شاهیدی کردەوەی تێرۆڕیستی لە چەشنی کردەوە تێرۆڕیستییەکانی لەندەن و پاریس وبرووکسێل دەبی و تەنانەت ڕەنگە ئەو کردەوە تێرۆڕیستییانە لە قەبارەی زۆر گەورەتر و زیانبەخشتریشدا ڕوو بدەن.

ژمارە:٦٧٦ • ڕۆژنامەی کوردستان

سیاسی

# تاقی کردنەوەی مووشەکیی ڕێژیم بە چ مەبەستێک؟!

ڕەوەز

بۆ جارێکی دیکەش ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بە تاقیکردنەوەی دوو مووشەکی دوورهاوێژ کە بە زمانی عیبری، لەسەریان نووسرابوو ئیسرائیل دەبێ لەنێو بچێ، بیرورای کۆمەڵگەی جیهانیی بۆلای خۆی و مەترسییەکانی لەسەر ئاسایشی جیهان و وڵاتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ڕاکێشا. ئەو دوو مووشەکە پێشکەوتوویە توانای بڕینی مەودای دوو بۆ سێ هەزار کیلۆمیتریان هەیە و دەگوترێ دەتوانن کڵاوەی ناوکیش هەڵگرن. تاقی کردنەوەی مووشەکیی ڕێژیم لەگەڵ دژکردەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی خۆرئاوایی بەرەوروو بوو و تەنانەت لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانیشدا ئەو کێشەیە هاتە بەرباس و ئەگەر ڕووسیە مافی ڤیتۆی بەکار نەهێنابا، ئەوا کۆماری ئیسلامی بەوبۆنەیەوە دەکەوتە بەر سزا و گەمارۆی ئابووریی نوێی بەسەردا دەسەپا. بەوحاڵەش بەدوور نازانرێ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕاستەوخۆ بۆخۆیان گەمارۆی نوێی ئابووری بەسەر ڕێژیمدا بسەپێنن.

بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ڕوون و ئاشکرایە کە هەوڵدان بۆ دەستوێڕاگەیشتن بە چەکی پێشکەوتوو بەهەموو جۆرەکانیەوە هەرلەسەرەتاوە سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی بووە و ئەوڕێژیمە ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی دەرفەتی بداتێ تەنانەت چەکی ناوکیش بەرهەم دێنێ. هەر بۆیەش بۆنموونە، دوو ڕۆژ دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی ناوکیی ناسراو بە «بەرجام» لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ و ملکەچ بوونی نابەدڵانەی ڕێژیم بۆ وازهێنان لە بەرنامە ناوکییەکانی، سپای پاسداران مووشەکی دوورهاوێژی «عیماد»ی تاقی کردەوە کە لەگەڵ نارەزایەتیی ئەمریکا و سەپاندنی سزای ئابووریی تازە بە سەر ڕێژیم لەلایەن ئەو وڵاتەوە بەرەوڕوو بوو. بەڵام ئەمجارە کۆماری ئیسلامی و لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین خامەنەیی و سپای پاسداران و باڵی دەستڕۆیشتووی ئەو ڕێژیمە، چەند مەبەستی نێوخۆیی و دەرەکیی دیکەشیان لە تاقیکردنەوە مووشەکییەکە هەیە.



لەئاستی نێوخۆی وڵاتدا خامەنەیی و سپای پاسداران بەو تاقیکردنەوە مووشەکییانە، دەیانەوێ لەلایەک شکستی خۆیان لە واژۆکردنی بەرجام قەرەبوو بکەنەوە و نیشان بدەن کە ئەگەر لەڕووی ناچارییەوە پاشەکشەیان لە بەرنامە ناوکییەکانیان کردوە، ئەوە هەروا لەسەر بەرهەمهێنانی چەکی پێشکەوتوو بەردەوامن و لەلایەکی دیکەش وێڕای کەمڕەنگ کردنەوەی ئەو بەناو سەرکەوتنەی دەوڵەتی ڕووحانی- چارەسەریی کێشەی ناوکی و لابرانی گەمارۆ ئابوورییەکان و ئازادکرانی سەرمایە بلۆککراوەکان لە دەرەوە- بە ڕێفۆرمخوازان و ڕووحانی بڵێن کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە کۆماری ئیسلامیدا لەدەست دەوڵەت و لایەنگرانیدا نیە و ئەوە ئەوانن (خامنەیی وسپا و باڵی توندڕەو) کە تەنانەت سەرەڕای شکستیان لە هەڵبژاردنەکانی دەوری یەکەمی پارڵمان و مەجلیسی بەناو خێبرەکانی ڕێبەریدا، دەسەڵاتداری ڕاستەقینەن و خەت وسیاسەتە گشتییەکانی نیزام لە هەموو بوارەکاندا دادەڕێژنەوە.

ئەو تاقیکردنەوە مووشەکییە لە ئاستی دەرەوەشدا هەڵگری ئەو پەیامە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوو کە کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا لەسەر سیاسەتەکانی پێشووی بەردەوام دەبێ و واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ناوکی لەلایەن دەوڵەتی ڕووحانییەوە بە مانای وازهێنانی ڕێژیم لە پەرەپێدانی چەکە کۆمەڵکوژەکان نیە. لەڕاستیدا ئەو ڕێژیمە تێدەکۆشێ لەبەرانبەر وازهێنان لە بەرنامە ناوکییەکانی خۆی وەک باج وەرگرتنێک لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، پەرە بە بەرنامە مووشەکییەکانی بدا. بەوحاڵەش بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی نیزیک و توندوتۆڵی کۆماری ئیسلامی و ڕووسیە، وێدەچێ سەرکردەکانی ڕێژیم بەر لە تاقیکردنەوەی مووشەکە دوورهاوێژەکان، لەسەر ئەو پرسە و چوونی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و ئەگەری داسەپاندنی سزا ئابوورییەکان، ڕاوێژیان لەگەڵ ڕووسەکان کردبێ و دڵنیا بووبن کە ئەو وڵاتە مافی ڤیتۆ لە ئاست پێشنیاری سزا بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بەکار دێنێ.

جگە لەوەش نووسینی دروشمی لەنێوبردنی ئیسرائیل ئەویش بە زمانی عیبری لەسەر مووشەکەکان، جگە لەوەیکە مەسرەفی تەبلیغاتی بۆ ڕێژیم هەیە، لەلایەک نیشاندەری پێداگریی دەسەڵاتدارانی ڕاستەقینەی ڕێژیم لەسەر سیاسەتەکانی پێشووی خۆیان بۆ لەنێو بردنی ئەو دەوڵەتەیە و لەلایەکی دیکەش نیشانەی شەڕخوازیی و ئاژاوەگێڕی خامنەیی و سپای پاسداران و باڵی توندڕەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت ئەگەر ئەو شەڕ و ئاژاوە نانەوەیەش بە زیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی ئاسایشی ناوچەکە تەواو بێ. ئەوە کە تێچووی وەها شەڕێکی ماڵوێرانکەر چەندە دەبێ و چیی لێدەکەوێتەوە و چۆن پەرە دەستێنێ و ئەگەری هەیە هەموو ناوچەکە و بگرە دنیاش لە ئاگرەکەیدا بسووتێنێ، ڕەنگە بۆ سپای پاسداران و ڕێبەرانی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی، زۆر گرینگ نەبێ. سپای پاسداران و ڕێبەرانی ڕێژیم بە پشتئەستووربوون بە هەزاران مووشەکی بەهێزی بالێستیک کە لە قووڵایی ٥٠٠میتریی زەویدا شاردوویانەتەوە و توانای وێرانکارییەکی زۆریان هەیە و هەروەها کڕین و وەرگرتنی سیستەمی پێشکەوتووی بەرگریی مووشەکی ئێس ئێس ٣٠٠ی ڕووسی لە یەک دوو مانگی داهاتوودا، لەسەر ئەو باوەڕەن کە سەرەڕای وەلانانی زۆرەملی بەرنامە ناوکییەکانیان، باڵانسی هێز لە بەرانبەر نەیارەکانیان بە قازانجی ئەواندا شکاوەتەوە و ئەگەر شەڕیش هەڵنایسێنن، هەر نەبێ دەتوانن بەو بۆنەیەوە ئیمتیازگەلێکیان دەست کەوێ.

زۆر سروشتیيە کە کۆمەڵگەی جیهانی نیگەرانی چالاکییە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بێ و بە وشیاری و وردبینییەوە بڕوانێتە کردەوەکانی ئەو ڕێژیمە. چونکە کۆماری ئیسلامی لەماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا بە کردەوە نیشانی داوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئامادەیە هەموو ڕێککەوتنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و هەموو یاسا و ڕیساکانی باو لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا بخاتە ژێر پێ. ڕێژیمێک کە خوڵقێنەری شەڕ و ئاژاوە و نائارامی بووە و هەمیشە بانگەشەی مەرگ و نەمانی بۆ دەرو دراوسێ و وڵاتانی جیهان کردوە و مەترسیی هەمیشەیی بۆ ئاسایشی جیهانی هەبووە و بۆتە ناوەندی داڵدەدانی دەستەو تاقمە تیرۆریستی و توندڕەوەکان، ڕێژیمێکی جێی متمانە نیە و دەبێ هەمیشە لەژێر گوشار و چاوەدێریی نێودەوڵەتیدا بێ. هەر بۆیەشە ئەمریکا و ڕووسیە و بەگشتی وڵاتانی خۆرئاوایی بەرپرسیارن لە سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئارامی و ئەمنیەتی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و دەبێ ئیجازە نەدەن کۆماری ئیسلامی لەوە زیاتر پەرە بە پرۆژە مووشەکییەکانی خۆی بدا.

سیاسی

# قۆناخی دووەمی هەڵبژاردن و ئەرکی پارڵمانتارانی کورد



ڕێبوار مەعرووفزادە

لە قۆناخی یەکەمی دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێراندا، ٢٢١ کەس چوونە پارلمان و چارەنووسی ٦٩ کورسی لە قۆناخی دووەمی هەڵبژاردندا دیاری دەکرێ. چارەنووسی سێ کورسی لە پارێزگای ئیلام، چارەنووسی کورسیی مەریوان لە پارێزگای سنە، لە پارێزگای کرماشان-یش چارەنووسی سێ کورسی لە قۆناخی دووەمدا دیاری دەکرێ. کەوایە قۆناخی دووەمیش گرینگیی خۆی هەیە.

لە قۆناخی یەکەمدا ئەگەرچی زۆربەی کاندیدە ناسراوەکانی ڕێفورمخوازان لە لایەن شووڕای نیگابانەوە ڕەت کرابوونەوە، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون و توانیان لە زۆر ناوچەی هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بینن. ڕەنگە دیارترین سەرکەوتنی ڕێفورمخوازان لە تاران بێ کە توانیان سەرجەم ٣٠ کورسیی ئەو شارە بۆخۆیان دەستەبەر بکەن. وانەیەک کە لەو ئەزموونەی ڕێفورمخوازان وەردەگیرێ ئەوەیە کە لە خەباتی سیاسیدا پێویستە لە لانیکەمی دەرفەتەکانیش کەڵک وەربگیرێ، چونکە زۆرجار سەرکەوتن بەرهەمی کۆمەڵێک هەنگاوی بچووکی ڕۆژانە و بەردەوامە. لە ناوچەی شنۆ- نەغەدەش کە ژمارەی کاندیدە تورکەکان زۆر زیاتر لە ژمارەی کاندیدە کوردەکان بوو، سێ کاندیدی کورد پێکەوە ڕێککەوتن و لە ئاکام دا عەبدولکەریم حوسێنزادە بە هێنانەوەی زیاتر لە ٥٠٪ی دەنگان و ٦١٩٧٢ دەنگ بەسەر کاندیدەکانی دیکەدا سەرکەوت.

کەسی سیاسی نابێ بە لۆژیکی ڕەش و سپی سەیری سیاسەت بکا. لۆژیکی ڕەش و سپی ئەوەیە هەڵبژاردن لە ئێران بە تەواوەتی بە بابەتێکی فۆرمالیتە و شانۆ لە قەڵەم بدەی. پێویستە ڕوانینێکی واقعیتر بۆ هەڵبژاردن لە ئێران هەبێ کە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک ئۆرگان و دامەزراوەی هەڵنەبژێراو وەک شووڕای نیگابان لەئارادا هەن، لە دیتنی کاریگەریی هەڵبژاردن لە سەر فەزای سیاسیی ئێران غافڵ نەبین. بۆ نموونە پێویستە لە دەرفەت و ئیمکاناتی دەوڵەتی و هەڵبژاردنەکانی شووڕا و پارڵمان بۆ بەهێزکردنی باڵانسی هێزی ئیداری، سیاسی و ئابووریی کورد لە ورمێ و بەرزکردنەوەی وشیاریی نەتەوایەتی لە نێو کوردانی ئەو دەوەرە کەڵک وەربگیرێ. لە دەوڵەتێک و سیستمێک دا کە لەسەر بناخەی جیاوازیدانان دامەزراوە، هەوڵ بدەین باڵانسی هێز لە نێوان کورد و تورک لە ورمێ بە قازانجی کورد دەرکەوێ و کوردان بۆ ستاندنی مافی ڕەوای خۆیان لە بەشداری لە دام و دەزگای ئیداریی ئەو شارەدا هان بدەین. کوردەکان لە ورمێ پێویستە بۆ بوون بە شارەدار، فەرماندار، شووڕای شار، نوێنەری پارڵمان، سەرۆکی زانکۆ و پارێزگار هەوڵ و خەبات بکەن. لە چوار کاندیدا کە لە قۆناخی دووهەمدا لە ورمێ ململانێ دەکەن، دوو کەسیان کوردن. ناردنی دوو نوێنەری کورد لە شاری ورمێ بۆ باسکردن لە دێموگرافی ئەو شارە گرنگیی تایبەتیی هەیە و شوێنەواری دەروونی، حقوقی، سیاسی و بیروکڕاتیکی ڕاستەوخۆ لەسەر دانیشتووانی کورد و تورکی ئەو شارە دادەنێ.

شاری ورمێ لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرجەم ٢٨ نوێنەری بۆ ٩ خولی پارلمانی ئێران



ناردوە کە لەو ٢٨ کەسە، کورد تەنیا سێ نوێنەر و تورک ٢٥ نوێنەری هەبووە. لە قۆناخی یەکەمی هەڵبژاردنی پارڵمانی خۆلی دەهەمیش تەنیا نادر قاضی پوور بە هێنانەوەی ٣٩٪ی دەنگەکان چۆتە پارڵمان و چارەنووسی دوو کورسیی دیکە لە قۆناخی دووەمی هەڵبژاردندا دیاری دەکرێ. واتە هەمیشە تورکەکان زۆرترین نوێنەریان لە شاری ورمێ بۆ پارڵمانی ئێران ناردوە کە دەکرێ هەر ئەو بابەتە بۆ زۆرینەبوونی تورکەکان لە ورمێ بەکاربێنن. کورد پێویستە هەموو هەوڵی خۆی بدا کە لە قۆناخی دووەمدا نوێنەرانی کورد بنێرێ بۆ مەجلیس و بۆ بەرەوپێشبردنی پێگەی کورد لەو شارە هەوڵ بدا. بە ناردنی دوو نوێنەری کورد لە ورمێ، کۆماری ئیسلامی ناڕووخێ، بەڵام هەست و شوناسی کوردی لە شاری ورمێ بەهێزتر دەبێ. هەروەها زیاتربوونی نوێنەرانی کورد لە پارڵمانی ئێران ئەگەری پێکهاتنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد بەهێزتر دەکا.

کەمپەینێک بۆ پێکهێنانی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد

دەکرێ لە پارێزگای ورمێ ٤ تا ٦ نوێنەر، لە پارێزگای کرماشان ٨ نوێنەر، لە پارێزگای سنە ٦ نوێنەر، لە پارێزگای ئیلام ٣ نوێنەری کورد هەبن. لە شاری تارانیش ٣ کورد دەنگیان هێناوەتەوە، کەواتە کوردەکان دەکرێ ٢٤ تا ٢٦ نوێنەریان هەبێ. ڕەنگە ئەو ژمارەیە زیاتریش بێ بەوەی نوێنەرانێک لە کوردەکانی خوراسان، هەمەدان یا لوڕستان هەبن. پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بە هەوڵی کۆمەڵێک چالاکی سیاسی و مەدەنی لە سنە، کەمپەینی داخوازەکانی کوردستان دەستی پێکرد و کۆمەڵێک داخوازیی ڕووبەڕووی پارلمانتارانی کورد کردەوە. ئەو کەمپەینە پێویستە ڕەهەندی مەیدانیی بەرفراوانتر بەخۆیەوە بگرێ و لە هەر حەوزەیەک کۆمەڵێک داخوازی دیاریکراو ڕووبەڕووی کاندیدەکان بکرێتەوە و ئەرکدار بکرێن. بەرنامەی هەر کاندیدایەک دەبێ دیار بێ و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و خەڵک بەردەوام لێپرسینەوە لە پارلمانتارانی کورد بکەن بۆ ئەوەی ئەرکی خۆیان دەرهەق بە خەڵک بەڕێوە بەرن. ئێستا کاتی ئەوە هاتوە خەڵکی دەنگدەری کوردستان داوا لە نوێنەرانی کوردی هەڵبژێردراو بکەن کە بۆ پێکهاتنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پارلمانی ئێران هەوڵ بدەن. چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد دەبێ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە نوێنەرانی کورد بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیان هان بدەن. ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی کورد پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ پارڵمانتارانی هەڵبژێردراوی کورد بکەن و بابەتی پێکهاتنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لەگەڵ ئەو پارڵمانتارانە باس بکەن. بەگشتی دەنگدەری کوردستان پاش کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن پێویستە داواکاریی خۆی لە پێکهێناتنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد کانالیزە بکا.

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە

## که لە لایەن سکرتێری گشتی حیزب، بەڕێز خالیدی عەزیزی‌یەوە پێشکەش کرا (٢)




### ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

ئەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەمرۆ لە هەموو سەردەمێک زیاتر بۆتە ناوەندی قورسایی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەنیا ناگەڕێتەوە سەرفاکتەرەکانی پێوەندیدار بە هەلومەرجی ئەمڕۆوە. بەڵکوو کۆمەڵێک پارامێتری دائیمی و پێکهاتەییش هەن کە وەبیرهێنانەوەیان لێرەدا زیادی نیە. سووکە ئاوڕدانەوەیەک لە مەوقعیەت و پاشخانی مێژوویی ئەم ناوچەیە بەستێن و بنەمای ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیەمان باشتر بۆ دەردەخا و یارمەتیمان دەدا کە لەجیاتی ڕوانینێکی سیرفەن ئیدئالگەرایانە، واقعبینانەتر چاو لە ئێستا و ئاییندەی ئەو ناوچەیە بکەین.

بێگومان پێش هەموو شتێک فاکتەرە سروشتییەکان واتە هەڵکەوتی جوغرافیایی و ژێئۆپۆلیتیکی بێوێنەی ئەم ناوچەیە وەک شوێنی بەیەک گەیشتنی سێ قاڕەی جیهان و گوزەرگای ڕێڕەوە گرینگەکانی گواستنەوەی جیهانی و دەوڵەمەندیی ئەو ناوچەیە لەڕووی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانی دیکەوە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە بکەوێتە چەقی بازنەی بەرژەوەندیی ئابووری و ئەمنیەتی جیهانی.

ئینجا ئەوەی بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئەمڕۆی ئەم ناوچەیە پێویستە بە هێند بگیرێ، پاشخانی مێژوویی و درێژەکێشان و بەرجەستە بوونەوەی هەرچی زیاتری ئەم پاشخانە لە ململانێ سیاسییەکانی ئەمڕۆی ناوچەکەدایە. لێرەدا فاکتەری هەرە یەکلاکەرەوە و کاتالیزۆر ئایینە. دەزانین کە هەر سێ ئایینی یەهوودی و مەسیحی و ئیسلام و هەندێ وردە ڕێبازی تر لەو ناوچەیەدا سەریان هەڵداوە و مێژوویەکی دوور و درێژیان لە شەڕ و ڕکەبەرایەتی لەگەڵ یەکتر تۆمارکردوە. ئیسلام و مەسیحییەت بوون بە دوو ئایینی جیهانی. لەنێو ئایینی ئیسلامیشدا کێشە و ناکۆکیی کەڵەکەبووی سەدان ساڵەی شیعە و سوننە ڕۆژبەڕۆژ پتر بەسیاسیکراوە تا ئەوە کە ئەمڕۆ بوونەتە دوو جوڵانەوەی سیاسیی چالاک لەدژی یەکتر. لەو ڕەوتی بەسیاسی بوونەی هەرچی زیاتری مەزهەبدا، ڕێبازی شیعە دەمێکە خاوەنی مەرجەعی ڕێکخەری خۆیەتی، چونکە لەدوای ئینقلابی ئێرانەوە، کۆماری ئیسلامی وەک ئادرەس و ڕێکخەری شیعەکان لە ناوچەکەدا بووەتە سەرچاوەی هەرە بەرچاوی کێشە و نائەمنی لە ناوچەدا. ئەگەر لە دەرەوەی ئێرانیش بۆ نموونە لە عیراق مەرجەعییەتێکی غەیرە ئێرانی بۆ شیعەکان نەخش بگێڕێ، ئەوە لە بازنەی سنووردارێ تایبەت بەو وڵاتە دەرناچێ و لەهەرحاڵدا ناکۆکیی بنەڕەتیی لەگەڵ ئاقارە بڕیار لەسەردراوەکانی تاران لە ناوچەدا نیە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئیسلامی سوننە، لەگەڵ ئەوەی زۆر پێش مەرجەعیەتی سیاسیی شیعەکان ئیخوانولموسلیمین هەوڵی دا لە بازنەی بەربەرینی جیهانی ئیسلامدا ببێتە سەمبول و مەرجەعی سیاسی، بەڵام لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبوو. هەربۆیە ئەمڕۆ زۆرتر ڕێکخراوە توندڕەوەکان هەوڵ دەدەن نوێنەرایەتیی ڕەهەندی سیاسیی ئیسلامی سوننە بکەن.

ئەگەر بە کەرەستەبوونی ئایین لە شکڵ بەخشین بە ململانە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر کاریگەرە، لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە میراتی پۆست ئیستعماریی ئەو ناوچەیەیە کە بەهۆی ئەوەی هەڵگری عەقلانییەت و عەدالەت نەبووە و زۆرتر دەرەنجامی پێکهاتن لەسەر ڕقەبەریی بەرژەوەندیی نێوان هێزە سەرکەوتووەکانی هەردوو شەڕی جیهانی داڕێژراوە، کاریگەریی خراپی لەسەر ئاشتی و سەقامگیری لەو ناوچەیە بەجێ هێشتوە. بۆ نموونە نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەدوای ڕێککەوتنی سایکس- پیکووە لەجیاتی ئەوەی بەپێی ویست و بەرژەوەندیی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە دیاری بکرێ، لەسەر بنەمای سیاسی و جوغرافی و بەڕێوەبەریی گرێدراو بە ئیدارەی کۆلۆنیالییەوە بووە. لێرەدایە کە دەبینین لەحاڵێکدا نەتەوەی عەرەب بەسەر چەندین یەکەی سیاسی‌دا دابەش کراوە کە بە پێناسەی خاک دەبن بە دەوڵەت، نەتەوەی کورد لەو مافە بێبەش کراوە. لەولاشەوە، دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی لەجیاتی ئەوەی پرسی قەوارەی نەتەوەیی بە دروستی چارەسەر بکا، لەڕاستیدا بۆتە سەرەتای کێشەی دەیان ساڵەی جیهانی عەرەب و ئیسرائیل، بەچەشنێک کە هەتا ئەم دوایيانەش مەسەلەی فەلەستین وەک کاتالیزۆری کێشە و ململانە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە جیهانی عەرەب و ناوچە نەخشی دەگێڕا.

نالێکی و نالەباریی ئەم میراتە ئیستعمارییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەریی خراپی لەسەر چۆنیەتیی حوکمڕانی و هاوکێشەی نێوان خەڵک و حکوومەتەکانیش بەجێ هێشتوە. لەو شوێنەدا کە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن و شەپۆلە یەک لەدوای یەکەکانی دێموکراسی لە زۆر وڵات و ناوچەی دیکەی جیهاندا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە و ژمارەی دیکتاتۆرەکان هەر هاتوە و کەمتر بۆتەوە، هەروەک لە ڕووداوەکانی بەناو «بەهاری عەرەبی»دا سەرلەنوێ سەرنجمان دا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شۆڕش و ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، دێموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنییان لێ نەکەوتۆتەوە. بەپێچەوانەوە، وێکهەڵنەکردن و شەڕی فیرقەیی و تێرۆر لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکاندا بوون بە ئەمری واقیع و فەرهەنگی زاڵ بەسەر ژیانی سیاسیی ناوچەدا.

ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو ئاماژە بەوە دەکا کە جێگیرکردنی دێموکراسی و لێبووردەیی و دابەشکردنی دەسەڵات لەو ناوچەیەدا کارێکی ئاسان نیە. ئەم خەسڵەتە لە سەردەمی ئەمڕۆدا زیاتریش ناوچەکەی تووشی ئاڵۆزی و ناسەقامگیری کردوە و زۆر بەزەحمەت دەکرێ پێشبینیی دەرئەنجامەکانی بکرێ. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە دامەزراوە دێموکراتیکەکان بەبێ ئاشتی و تەناهی و گەشەسەندن ناتوانن پێ بگرن، کارەساتێکی ئینسانی کە لەو ناوچەیەدا لە شکڵی کۆمەڵکوژی و ئاوارەیی بە میلیۆنان خەڵک و تێکڕووخانی ژێرخانی ئابووری و هەڵوەشانی شیرازەی کۆمەڵایەتیی وڵاتاندا خۆی دەنوێنێ، هێندەی دیکە دوورەدیمەنی دێموکراسیی لەو ناوچەیەدا لێڵ کردوە. گوتنی ئەو ڕاستییە نابێ بە مانای دوودڵبوون لە خەبات بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی وەک ئیدەئالێکی کۆمەڵگەکان لێک بدرێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە واقعبینانەتر چاو لە ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی خۆمان و جێگە و پێگەی کورد لەنێو ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانەدا بکەین.

### ئێران

لە سەرەتای ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەمان بە پێویستیی وەبیرهێنانەوە و تیشکخستنە سەر هێندێک فاکتەری پێکهاتەیی لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسیی ڕۆژدا کرد. ئەو کارە بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا گرینگ و بەسوودە.

### بنەما و ناسنامەی دەسەڵات لە ئێراندا

مێژووی دوورودرێژی حکوومەت و دەسەڵاتداری لە ئێران پاشخانێکی دروست کردوە کە کاربەدەستانی تاران لە بەڕێوەبردن و بەسەریەکەوە ڕاگرتنی وڵات و پاراستنی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و ناوەندگەرادا پشتیان پێ بەستوە. بەپێچەوانەی ئەو دەوڵەتانەی دیکە کە لە شکڵی ئێستایاندا قەوارەی سیاسیی تازە و بەرهەمی ئازادیی موستەعمەرەکان و لەبەریەک هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانین، جوغرافیای سیاسیی ئێران لە سەردەمی نوێدا کەم و زۆر وەک خۆی ماوەتەوە.

ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەک بزوێنەری سەرەکیی مێژووی هاوچەرخی ئێران، هەرگیز خوێندنەوەی لە کێشەکانی ئێران و ڕێگاچارەکان بە ئاقارێکدا نەبووە کە پێناسەیەکی فرەنەتەوەیی کۆمەڵگەی ئێرانی لێ بکەوێتەوە و بکرێتە بنەمای ئیدارەی هاوبەشی ئێران. هاوپەیمانیی زەینیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەک هێمای ئێرانی‌بوون کە دوای شۆڕشی ئێران بەتەواوی پڕڕەنگ بووەو لەپەراوێزکەوتنی پێکهاتە غەیرەفارسەکانی لێ کەوتۆتەوە. ئەو پێناسە هاوبەشەی (شیعە - ئێرانی) نەک هەر لە ژیانی ڕۆژانە و بۆنە ئایینی و غەیرە ئایینییەکاندا بۆتە فەرهەنگی ئێرانییە شیعە مەزهەبەکان، بەڵکوو لە بەستێنی سیاسی و حکوومەتییشدا ڕەنگدانەوە و لێکەوتی هەبووە. بە ڕێکەوت نیە کە حاکمیەتی ئەمڕۆ لە ئێراندا وێڕای بە قانوونیکردنی دامودەزگای دەسەڵات لەسەر بنەمای ئەو پێناسە مەزهەبییە، لە شکڵبەخشین و نیشاندانی پێگەی جەماوەریی خۆیشیدا پێش هەموو شتێک پشت بە بنیاتی مەزهەبی شیعە و بۆنە و دامەزراوەکانی سەر بەم مەزهەبە دەبەستێ. ئەو پێناسەیە کە بەرهەمەکەی ڕێککەوتنێکی زیمنی بۆ پاراستنی یەکیەتیی خاکی ئێران بووە، لە وەزعیەتی ئێستای ململانە و شەڕی نێوان دوو کەمپی شیعە و سوننی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێندەی دیکەش بۆ پاراستنی پێناسەی مەوجوود لە دەسەڵات لە ئێراندا کەڵکی لێوەردەگیرێ.

### کۆماری ئیسلامی لە گەمەی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا

بەدوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ئێران بووە بە فاکتەرێکی بەرچاوی دنەدانی کێشە و ململانێ سیاسی و ئایینیەکانی ناوچەکە. ستراتێژیی ئێران لەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە ببێتە مەکۆی خەبات دژی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. پاش شەڕی ئێران و عیراق و هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی دواتر لە ناوچەدا هاتنەگۆڕ، ئەمجارە ئێران ستراتێژیی خۆی گۆڕی و زۆرتر وەک خاوەن و ئادرەسی ڕێڕەوانی مەزهەبی شیعە لە گەمە سیاسییەکانی ناوچەدا دەرکەوت. چ سیاسەت و دروشمی ئێران لەدژی ئیسرائیل و چ پشتیوانیی لە شیعەکانی ناوچە دەبێ لە چوارچێوەی ستراتێژییەکدا ببینرێن کە بەرژەوەندی و مانەوەی خۆی لە بەردەوامیی ئاڵۆزییەکان و حزووری چالاکانەی لەنێو کێشەکانی ناوچەدا دەبینێ. سوپای قودس و حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس و جیهادی ئیسلامیی فەلەستین و حوسییەکانی یەمەن کە ڕێژیم پشتیوانیان لێ‌دەکا، بەشێک لە ئامرازەکانی بردنەپێشی ئەم ستراتێژییەن. کۆماری ئیسلامی بە هەوڵی ڕێبەری‌کردنی ئەو ئاڵۆزییانە لە چوارچێوەی ململانەی شیعە و سوننەدا دەیەوێ هەم کەمەربەندێکی ئەمنیەتی بۆخۆی لەناوچەکەدا دروست بکا وهەم ئەو پەیامەش بداتە جیهان کە ئەوە کەمپی سوننەیە سەرچاوەی تێرۆریزمی جیهانییە نەک شیعە. ئێستا کە کەمپی سوننە بە سەرۆکایەتیی عەرەبستانی سەعوودی لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی سیاسی و نیزامیدا بە جیددی خەریکی خۆڕێکخستنە، پێشبینی دەکرێ کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکەش بۆ زیادکردن و جووڵاندنی هێزەکانی لایەنگری خۆی لە ناوچەدا هەوڵ بدا.

هەوڵی ڕێژیم بۆ بیمەکردنی ئاییندەی خۆی تەنیا بە «ناردنە دەرەوەی شۆڕش» و قەیرانسازی لە ناوچەدا نەوەستاوە، بەڵکوو لە یەک دەیەی ڕابردوودا پرۆگرامی ناوکیشی بە بوعدێکی نیزامییەوە لێ زیادکردوە کە هەوڵی بەرفرەوانی ڕێژیم بوو بۆ ئەوەی نەک هەر لە ئاستی ناوچەییدا بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا ببێتە فاکتەرێکی حاشاهەڵنەگر و بەهێزی گەمە و هاوسەنگیی ئەمنیەتی. لەگەڵ ئەوەدا کە وەک لە خوارەوە باسی دەکەین، پاش ڕێککەوتنی ناوکی، ئێران بە چەشنێک ملکەچی ویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە و چوارچێوەیەک بۆ پێشگیری لە بەرزەفڕییەکانی لەو بوارەدا دانراوە، بەڵام ئەم پاشەکشە و سازانە نە بە مانای جێ متمانە بوونی ڕێژیم لە خودی ئەم بوارەدایە و نە سیاسەتی تێکدەرانە و دەنەدەرانەی ڕێژیمیش لە ناوچەدا بەهۆی سەرفەسڵی نوێی پێوەندییەکانی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە کۆتایی پێ هاتوە. بەپێچەوانەوە، ئێران ئێستا لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەدا لە هیچ کاتێک کەمتر چالاک نیە و بەتایبەتی لەپێوەندی لەگەڵ قەیرانی سووریەدا بە پشتبەستن بە تێوەگلانی هەرچی زیاتری ڕووسیە، تا دێ لەو ئامانجە نزیکتر دەبێتەوە کە دان بە جێگە و پێگەی ئەو لە دوورەدیمەنی چارەسەری ئەو قەیرانەدا بنرێ. ڕێژیم لە کۆی ئەم دۆخەش وەک فاکتەرێک بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی کەڵک وەردەگرێ و بەو کار و کردەوانەی تێدەکۆشێ خەڵک لە نێوخۆی وڵات لەوە بترسێنێ کە ڕەنگە کۆمەڵگەی ئێرانیش تووشی چارەنووس و نەهامەتیی هاوشێوەی خەڵکی سووریە و عێراق بن. ترسێک کە کاریگەریی لەسەر ڕوانین و ئاقاری سیاسیی بەشێکی بەرچاو لە بژاردە و لایەنە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتیش داناوە.

### پرسی ناوکی

پرسی ناوکی دە ساڵیش پتر بابەتی هەرە بەرچاوی تەعامولی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌یە. حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەپێوەندی لەگەڵ ئەو کێشەیە و ڕێککەوتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئێران لەسەر چوارچێوەیەک بۆ چارەسەری ئەو پرسە هەمیشە هەوڵی داوە هەڵوێستێکی مەنتیقی و واقعبینانە بگرێتە بەر. جەوهەری ئەو هەڵوێستەی ئێمە بریتی بووە لە خۆبواردن لە ئومێدبەستن بە ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازیی جیهانی دەرەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەم پرسە و نەبەستنەوەی ئاجێندای خەبات و تێکۆشان بە وەدیهاتنی سیناریۆیەکی لەم چەشنەوە. سەرەڕای هەموو کەڵکێکی فێڵبازانە کە ڕژیم هەوڵ دەدا لەو کێشەیە و تەنانەت لە چارەسەرەکەی وەربیگرێ، ئێمە هەڵوەژێرانی ئەو مەسەلەیەمان لەبەر ئەوە بە زەرەر نەزانیوە کە مەیدانی مانۆڕی ڕێژیم لە خانەی ئەمنیەتی ناوچەیی و جیهانیدا لە ڕێگەی دەستڕاگەیشتنی لە کورتماوەدا بە چەکی ناوکی سنووردار دەبێتەوە و چی‌دیکەش هەموو سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بە بیانووی ئەم مەسەلە و پرسانەی بۆ ئێمە و بۆ خەڵک گرینگترن، واتە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکانی ئێران، لانادرێ. چونکە لەلایەک مەرج نیە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە مسۆگەر بە بەرژەوەندیی مەرامە ناسالمەکانی ڕێژیم تەواو بێ، لەلایەکی دیکەوە ڕێژیم لە نێوخۆش و لە ناوچەشدا بەرەوڕووی کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتی جیددییە. هەربۆیە پێویستە ئاجێندای خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بە سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو دەرفەت و بەستێنانەی دەکرێ لە هەردوو ئاستدا شکڵ بگرن، ڕێک بخرێ.

سەرەڕای هەراوهوریای کاربەدەستانو دامودەزگا تەبلیغاتییەکانی کۆماری ئیسلامی کە دەیانەوێ وا بنوێنن پاشەکشەیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوە، ئێمە ئەو پێکگەیشتنەمان بە سەرکەوتنی ئیرادەی نێودەوڵەتی بە سەر ملنەدانو خۆبواردنی ڕێژیمێکی لاسارو یاخی لە پەیماننامە جیهانییەکان لە بواری هەستیارو گرنگی ناوکی‌دا لە قەڵەم داوە. لەو سۆنگەیەوە، ڕێککەوتنی نێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئێران و پاشەکشەکردن بە بەرزەفڕییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا لە چەشنی خۆیدا سەرکەوتنێکە بۆ پێشگیری لە نائەمنتر بوونی جیهان و گرژیی زیاتر لە ناوچەدا و سەپاندنی ئیلزاماتی نێودەوڵەتی بەسەر دەوڵەتێکی سەرەڕۆی لە چەشنی ئەو ڕێژیمەدا.

ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەر کەیسی ناوکیو هەڵگیرانی سزاو گەمارۆ جیهانییەکانی پێوەندیدار بەو کەیسە، ئەگەر لە لایەکەوە دەتوانێ لەسەر ئابووریی ئێرانو ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە شوێنەواری ئەرێنیی هەبێ و پێشگیری لە بەفیڕۆدانی زیاتری سەروەت و سامانی وڵات لەو ڕێگایەدا بکا، لەلایەکی دیکە بە مانای کەمبوونەوەی گوشاری دەرەکی لە سەر خودی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو دروستبوونی دەرفەتو دەستئاوەڵایی هەم بۆ سەرکوت لە نیوخۆی وڵاتو هەم بۆ مەیدانداری لە ئاستی ناوچەو درێژەدان بە دەستێوەردانی کاروباری وڵاتانو پشتگیریی تێرۆریزمو توندڕەوییە. ئێمە هیواداریـن بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی ناوکی دەرفەت بۆ زەقبوونەوەی پرسی نەبوونی دیموکراسیو پێشێلکرانی مافی نەتەوەکانو سەرکوتکرانی ئازادییەکان لە ئێران پێک بێو ئیرادەی نێودەوڵەتی هەروەک لە بواری ناوکی‌دا توانی ئەو ڕێژیمە ناچار بە چاوخشاندنەوە بە سیاسەتو هەڵوێستی خۆی‌دا بکا، لەم بوارەش‌دا کۆماری ئیسلامی ناچار بە گۆڕینی سیاسەتو ڕەفتاری خۆی بکا. پێشمان وایە ئەم پاشەکشەیە دەتوانێ هەلومەرجو دەرفەتو بەستێنی جۆراوجۆری سیاسی بە دوای خۆی‌دا بێنێ کە پێویستە هێزو لایەنە سیاسییە ئازادیخوازەکانی ئێران، چ ئەوانەی کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامینو، چ ئەوانەی لە نێوخۆی وڵاتو لە چوارچێوەی قانوونو حاکمییەتی ئەو ڕێژیمەدا بۆ هەلومەرجێکی سیاسیی باشتر تێ‌دەکۆشن، بۆ وەرێخستنی خەباتێکی بەرینو شێلگیرانە بیانقۆزنەوە.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانو بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی لە ئێرانیشدا، پێویستە بڵێین کە ئەو خەباتە زۆر بەر لە سەرهەڵدانی کێشەی ناوکی ئێرانو ڕۆژئاوا و تەنانەت زۆر زووتر لە هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەدەستی پێ‌کردوە. ئەگەرچی گوشاری دەرەکیو هەڵوێستی لیبراوانەی کۆمەڵگەی جیهانی لەئاست لاسارییەکانی ئەو ڕێژیمانە هەمووکات بە فاکتەرێکی ئەرێنی بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وئێران لەدژی ئەوڕێژیمە زانیوە ودەزانین، بەڵام باوەڕمان وایە ئەوە کە وەدیهاتنی ئامانجەکانی خەباتی خەڵکی ئێمە دەخاتە گرەوی خۆیەوە پێش هەموو شتێک بەردەوامیی ئەو خەباتە بە هاوکاری و یەکگرتوویی هەموو هێز و لایەنەکان و هەموو بەستێنەکانی خەباتە، نەک جۆری ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پێوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە و دنیای دەرەوە دادێن.

# بانگەواز لە پێشوازی نەورۆزی ١٣٩٥دا

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
پێشوازیکەرانی نەوۆزی ژیانەوە و هەستانەوە!
ئەوا ئەمساڵیش نەورۆز، جێژنی نەتەوەییو لە مێژینە، دەگەڕێتەوە بۆ لای هۆگرانو ئەویندارانی خۆی لە کوردستان. نەورۆز هەڵگری پەیامی نوێبوونەوەو ژیانەوەیە. هێمای زاڵبوون بە سەر سەرماو سەخڵەتو تەنگانەیە. پەیکی بانگەوازکردنی لاوانی نیشتمان بۆ خۆ گورجکردنەوەو خۆڕێکخستنەوەیە.
"نەورۆزی کوردو کوردستان، هەر جەژنی پێشوازی لە بەهارو ژیانەوەی سروشت نیە. هەر بۆنەیەک نیە بۆ خۆڕازاندنەوەو خۆشی نواندنی تاکەکان. نزیکەی سەدەیەکە نەورۆزی کوردستان، هەڵگری بەیداخی ڕاپەڕینو جاڕدەری هەستانەوەو بەگژداچوونەوەی بندەستی، زۆرداریو دیکتاتۆرییە. نەورۆزی کوردستان، مەشخەڵی دەستی لاوانی نەتەوەیەکی وڵات بەشکراوو داگیرکراو، لاوکی ڕزگاریخوازیی تێکۆشەرانی دیلو بەندی، ئاڵای شەکاوەی دەستی کچانو کوڕانی ڕاپەڕیو، هونراوەو حەیرانی نێشتمانیی ویژەوانانو هونەرمەندانە. گڕو بڵێسەی تاریکی ڕەتێنو گەرماو تینی سەرمابەزێنە. گیان دەنێتەوە بەر جەستەی ئەویندارانی ژیانو، ورەو وزە بەسەر پێشمەرگەکانی کوردستاندا دەبەشێتەوە."
لاوانی بە هەستو ئازادیخوازو سەرجەم خەڵکی وشیارو بە هەڵوێستی کوردستان!
داواتان لێ دەکەین ئەمساڵیش بۆنەکانی چوارشەمەسووری و نەورۆز بکەنەوە بە نوێنگەی یەکرێزیو هەڵوێستی نەتەوەییو نیشتمانیی خۆتان. ئێوە کە بە وشیاریو هیممەتی هەموو لایەکتان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانتان کردوە بە لانکەی چالاکیو تێکۆشانی مەدەنی، لە چوارشەمە سووریو نەورۆزیشدا وێڕای دووری کردن لە هەر کردەوەو چالاکییەک کە زیان بە سلامەتیی گیانیی خۆتانو هاونیشتمانانو ژینگەی کوردستان بگەیەنێ، دیسان کارنەڤاڵێکی جەماوەری لە فەرهەنگدۆستیو عەزمو ئیرادەی خەباتکارانەی خۆتان وەڕێ بخەنەوە.
چاوەڕوانیو بانگەوازی ئێمە ئەوەیە، وانەو ئەزموونو دەسکەوتەکانی بەڕێوەبردنی نەورۆزی نەتەوەییو حەماسیی ساڵانی ڕابردوو بکەن بە هاندەرو ڕێنوێنی یادەکانی ئەمساڵ. پێویستە ناوەرۆکو پەیامی نەتەوەیی، ئازادیخوازانەو خەباتکارانەی نەورۆز وەک هەمیشە بپارێزرنو نیشانی بدەنەوە. بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بە شێوەیەکی هێمنانەو مەدەنی، نابێ ڕێگر بێ لە نیشاندانی نارەزایەتییان لە ستەم و بندەستی و بێبەشی. نابێ بێدەنگەکردن بێ لەو هەڵاواردنو سەرکوتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد بەڕێوەی دەبا. ئەرکی یەک یەکی ئێوەیە لەبۆنەو ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا شێلگیربوونی خۆتان لە سەرداواکردنی مافەڕەواکانتان بسەلمێننەوە. داوا وپەیامی ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە با کۆڕو کۆبوونەوە نەورۆزییەکانتان وەک ساڵانی ڕابردوو گشتیو جەماوەری، با دەنگی سروودو گۆرانیی نەتەوەییو نیشتمانیتان، وەک جاران بەرز و دلیرانە بێ. لەم یادانە دا، شانازی بە زمانو کولتوورو نەریتە جوانەکانی خۆتانەوە بکەن.
ئێمە هیواداریـن لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەیان حەماسە لە یەکدەنگیو یەکهەڵوێستی، دەیان دیمەنی پرشکۆ لە بەرزیی وشیاری سیاسیو نەتەوەییو بەفەرهەنگبوونی خۆیان بخولقێنن. بەم هیواو چاوەڕوانیەشەوە هەر لە ئێستاوە پیرۆزبایی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزتان لێ دەکەین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٤**
**١٤ی مارسی٢٠١٦**

## چەند خاڵێ بە کورتی سەبارەت بە نەورۆز

**چیا ئیلامی**

• نەورۆز، واتە ڕۆژی نوێ. یانی کۆتایی هاتنی ڕۆژی کۆن(دواپین ڕۆژی ساڵ) و دەسپێکی ڕۆژی نوێ(یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ) کە لە نێو نەتەوەکانی ئاریاییدا جێژن دەگیردرێ. مێژووی ئەم جێژنە دوور و درێژە و پسپۆڕانی بواری مێژوو بە چڕ و پڕی لە سەری دواون و لێرەدا ناکرێ بە کورتی هەمووی لێک بدەینەوە. هەر ئەوەندەی بڵێم کە بە پێچەوانەی هەندێ بیر و باوەڕی چەواشەی ئایینی، لە ڕاستیدا جێژنی نەورۆز، جێژنی ئاگر پەرستی نییە و جێژنێکی نەتەوەیی (دامەزرانی دەوڵەتی ماد) ، جێژنێکی ئایینی ( ڕەمزی ڕزگاربوونی حەزرەتی ئیبراهیم لە ناو ئاگری نەمروود) و جێژنێکی سروشتی ( کۆتایی سەرما و سۆڵەی زستان و دەسپێکی بەهار و هاتنی وەرزی خۆشی و شادی و ژیانەوەی سروشتی)

• ڕەمز و سیمبولێک لە هەر سێ بۆنەکەی نەورۆزدا هەیە و لە هەر سێکیاندا هاوبەشە. ئەویش کۆتایی هاتنی زوڵم و زۆر و سەرما و سۆڵە و سەرهەڵدان و ژیانەوەیە. نەتەوەی کوردیش وەک لە درێژایی مێژوودا دەیبینین، دژی زۆرداری و زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە بووە و بە بێ جیاوازی ئایینی تەنانەت پاش وەرگرتنی ئایینی نوێی وەک ئیسلامیش، جێژنی نەورۆزی وەک گەورەترین جێژنی نەتەوەیی بەرز ڕاگرتووە. ئەم هاوبەشییەی کە لە جێژنی نەورۆزدا لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا هەیە دەکرێ کاری زیاتری لە سەر بکرێت و ببێتە هەوێن و تەوەرەی هەستی نەتەوەیی و سەرەتا و دەسپێکی مێژوویێکی نوێ بۆ گەلی کورد.

• کاتێ کە دەڵێین نەورۆز گەورەترین جێژنی نەتەوەییمانە، بەو پێیەش لە ئەدەبی کوردەواریدا خاوەن پێگەیێکی زۆر بەرزە و بە ڕاشکاوی لە بەرهەمی شاعێران و نووسەران و هونەرمەندانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە و شوێنی داناوە. بۆ نموونە ئەتوانم ئاماژە بە شێعری چەند شاعێرێ بکەم.

**ماموستا هەژار دەڵێ:**
**مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری**
**وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری**
**بە تیشک تێک شکا سوپای کرێوە**
**هەواری ڕۆژ گەییشتە خاکەلێوە**
**ماموستا پیرەمێرد دەڵێ:**
**ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە**
**ماموستا هێمن دەڵێ:**
**ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە بەهارە جێژنی نەورۆزە**
**بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە**
**ماموستا گۆران دەڵێ:**
**بە سوورێکی تر ئەستێرەی ئینسانگر**
**قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر،**
**کام قەومی کۆن،کام جەژنی بەرز و پیرۆز؟**
**قەومی مادی! جەژنی بڵندی نەورۆز!**
**ئەو نەورۆزەی کە هەزاران بەهارە،**
**لە دێی کوردا گڕی ئاگری دیارە،**
**ماموستا شەریف دەڵێ:**
**دەشت و دەر سەوزە و هەتا دەیبینی هەر شینایییە**
**هەرچی دەڕوانم کەمە و تێر نابێ ئەم بیناییە.**

## ڕامانێک بەسەر «نەورۆز»

**هاوڕێ جەلال**

نەورۆز لە باری زمانەوانیەوە زیاتر وشەیەکی کوردییە هەتا فارسی بێجگە لەو باگراوەندە مێژووییە کە لە جوغرافیاو مێژووی کوردان هەیەتی لە بنکۆڵی وشەی نەورۆزیش ڕچەڵەکی ئەم دەستەواژەیە کوردییە. بۆ نموونە لە زاروبن زارە کوردییەکاندا چەندین هەمبەرمان هەیە بۆ «نەو» وەکوو:

نەو= نەڤ = نەوە = نەوی = نەوێ= نەڤێ = نوی = نووی = نوێ = نڤێ = نو = نوو = نۆ = نهۆ = ناوۆ = ناڤۆ = نەهـ = نوهـ = نهـ= نی = نێ = نین = نڤ = نڤار = نیڤ = نووڤ = نوفو = نوفوس = نوفت = نفت = نورت = نرت = نووت =نت = نست ..

سەرنجی ئەم وشانەی خوارەوە بدەن بە پێشگری»نەو»و شێوە جۆربەجۆرەکانی:

نی= نیروز، نیرۆژ ، نیچک: گیای تازە سەردەرکردوو
نیڤ= نیڤار، نیڤگۆن(تازەگوان)
نێ= نێرسایا (نەوڕەسیو)
نەڤ= نەڤروز، نەڤرۆز
نەوە= نەوەرۆز، وشەی (نەوە: منداڵ) لەمەوە هاتووە
نەهـ= نەهرۆز
نەوبووک= تازەبووک، نەوڕەسیدە،
نۆ= نۆبەرە، نۆجەژنە، نۆبەن (نۆبەند)، ژینانوو، ژینانۆ (نەورۆز: لای کوردانی ڕووسیا)
نوو= نووبییک (نۆبووک)، نووخشە، نووجوان
نو= نوبهار
نوی= نوییێچکە (نۆپێچکە) پێچکە: پەڵ واتە منداڵێکی تازە پەلگرتوو
نووڤ= تازەڕوداو
نوهژەن= نۆژەن
نفت= نفت و نوێ= نوفت و نوێ= نرت و نوێ
کراسێ من نییە =کراسەکەم نوێیە.

هەروەها وشەی(ڕۆز)وشەیەکی کوردییە کە بەچەندین شێوەی دیکەش هەیە:

روز= رۆز= رۆژ = رووژ = ڕۆژ = ڕەژ = ڕێژ = ڕۆ = ڕۆ = ڕۆش = ڕۆچ = ڕووج = رۆج = ڕۆج = ڕۆزک = ڕۆژگ = ڕۆژگار ..
ڕۆچە = ڕۆچێ = ڕۆچی = ڕۆچوو = ڕۆژگ = ڕۆژوو = ڕۆژیی
ڕۆزگار= ڕۆژگار = ڕۆجیار
ئیرۆ= ئیرۆژ
نەورێز= نەورۆز
ڕۆجیارپەرست= گوڵەخۆرە = گوڵەبەڕۆژە= ...
کڵاوڕۆزن = کڵاوڕۆژن = کڵاوڕۆچن = ڕۆچنە = ڕۆژنە = ڕۆزنە = ڕۆژین = ڕۆچین = ڕۆچینک =.....
=ڕۆشنایی = ڕۆژناهیی = ڕۆژنایی = ڕۆچنایی = ڕۆچناهیی = ڕۆشناکیی = ڕۆشنیی = ڕۆنایی = ڕۆناهیی = ڕۆناکیی = ڕووناکیی = ڕووناهیی = ڕوونایی = ڕەوشنایی = ڕەوشەنیی = ڕۆنکایی = ڕوونیی ...

ئەم وشەیەش ڕیشەی کۆنی هەیە لە ئاڤێستا و پەهلەویی و سانسکریتییدا. هەروەها لە زمانە ئۆروپییەکانیشدا بۆ وێنە وشەی (ڕۆژ) لای فەڕەنسییەکان هەڵگەڕاوەتەوە و بووە بە (jour)

لە کۆتاییدا ئەوە ڕوونە کە وشەی (نەورۆز) لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان بە چەند شێوەی دیکە دەکار دەهێنرێت:

نەورۆز= نەورووز = نەورێز= نەڤرۆز=نەڤروز = ڕۆژانۆ = ژینانوو = ژینانۆ = نیروز = نیرۆژ = نەوەرۆز = نەهرۆز

ڕۆژی نەورۆز لە قورئاندا هاتووە:

زۆرێک لە ڕاڤەکارانی عەرەب وشەی (یوم الزینه)یان لە ئایەتی (٥٩)ی سوورەتی (طه) بە (عیدالنیروز: جەژنی نەورۆز) لێکداوەتەوە :

(..قَالَ مَوْعدکُمْ یَوْم الزِّینَةِ
وَأَنْ یُحْشَرَ النَّاس ضُحَی)

## کوردەکان لە نۆڕوێژ بەرەوپیلی جێژنی نەورۆز چوون

بە بۆنەی هاتنی ساڵی تازەو نەورۆز کۆمیتە ناوچەی ڕۆگلاندی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی لە پێشوازیی نەورۆز پێکهێنا ؛ هەروەها کوردانی ناوچەی ئۆستفۆڵدیش لە شاری سارپسبۆگ وەک نەریتێکی ساڵانە ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆزیان بەڕێوە برد.

لە ڕێورەسمەکەی یەکیەتیی لاوان‌دا کە بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێ‌کرد، پەیامی یەکیەتیی لاوان کومیتە ناوچەی ڕۆگلاند، لەلایەن زانیار کەریمی، بەرپرسی کۆمیتە ناوچەوە پێشکەشی ئامادەبوان کرا. پەیامەکە لەگەڵ باسێک لەسەر نەورۆزو گرینگی ئەم بۆنەیە لەسەر پاراستنی کلتوورو کاریگەری ئەم بۆنەیە لەسەر خەباتی گەلی کورد، باس لە ڕەوشی ئێستای کوردستان بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی کرابوو.

خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن ژیلا بەهرامی، بەڕیوەبردنی هەندێ بەرنامە بۆ منداڵان، چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی گرووپی باران، گۆرانییەکانی هونەرمەندان فەرهاد سالحیو ڕێژان لەتیف، چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

لە ناوچەیەکی دیکەو کوردانی ئۆستفۆڵدی ئەو وڵاتەش لە شاری سارپسبۆگ وەک نەریتێکی ساڵانە ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆزیان بەرز ڕاگرت.

ئەو ڕێورەسمەش بە سرودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ‌کرد. خوێندنەوەی پەیامی بەڕێوەبەریی ڕێورەسم لەلایەن سولێمان محەمەدعەلی، خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری لەلایەن نادر ئەمینیو پێشکێشکردنی شێعرێک لەلایەن عەلی بەهرامی چەند بڕگەیەکی ئەو ڕێورەسمە بوون. دواتر مەحمود بیرۆ، باسێکی پێشکێش بە ئامادەبووان کرد و دوابەدوای ئەو پارچە شیعرێکی دیکە لەلایەن خۆشکە کەژاڵ کەریمی خوێندرایەوە.

لە بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە دەست کرا بە کردنەوەی ئاگر کە لەلایەن چوارکەس لە ژنانو پیاوانی بەشدار ئاگری نەورۆز داگیرسا.

## ئاگری نەورۆزی ١٣٩٥ی هەتاوی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب داگیرسا



حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک هاتنەوەی نەورۆزو نوێبوونەوەی ساڵی نوێی کردە بە جێژن.

لەو کارناڤاڵی شادییەدا کە ئێوارەی شەممە، ٢٩ ی خاکەلێوە بەبەشداریی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، ئاگری نەورۆزی ١٣٩٥ داگیرسا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی « نەورۆز» لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزب دەستی پێ‌کردو پاشان کاک جەلیل گادانی، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بەبۆنەی نوێبوونەوەی ساڵو هاتنەوەی نەورۆز پێشکێش کرد.

کاک جەلیل لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بە پێشوازیی بەرینی خەڵکی کوردستان لە بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی گوتی: نەورۆز لە کوردستان هێمای سەرکەوتنی حەق بە سەر بێدادییەو هەڵگری ئاڵای ڕاپەڕینو بەگژداچوونەوەی بندەستیو دیکتاتۆرییە؛ هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی زراوی لێچووە.

کاک جەلیل گادانی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە ئاماژە بە پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزب پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە هەوڵو تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە پێناو مافەکانیان بۆتە کۆسپێک لەبەردەم ڕێژیمدا کە نەتوانێ بە ئاسانی پیلانەکانی لە کوردستان سەربخا، هەر بۆیەش خەڵکی کوردستان لە ساڵی نوێ‌دا دەبێ بەگوڕتر لە جاران لە مەیداندا بنو بەیداخی مافخوازیی خۆیان شەکاوە ڕابگرن.

ئەو ڕێوڕەسمە بە کۆمەڵێک گۆرانی لەلایەن هونەرمەندانی پێشمەرگە حەمەدەمین کەریمی، ڕێبوار حەسەنی و جەماڵ ئەکبەریو، هەروەها زنجیرە گۆرانییەک بە کۆرس لەلایەن گرووپی کۆڕی هونەریی حیزبەوە درێژەی پێ‌درا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا دوای ڕێژەی نیزامیی پۆلێک پێشمەرگە، ئاگری نەورۆزی ساڵی ٩٥ بە دەستی دوو پێشمەرگەی دێرینی حیزب داگیرساو ڕێوڕەسمەکە بە شاییو شادیی بەشداران لە دەوری ئاگری نەورۆز کۆتایی پێ‌هات.

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٧٦

٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٥

٢٢ی مارسی ٢٠١٦

# هەست و بیروڕای چەند قەڵەمبەدەستی بە هەستی ڕۆژهەڵاتی سەبارەت بە نەورۆز و گرینگی ئەم بۆنە نەتەوەییە

**عەلی لەیلاخ : گرینگی نەورۆز لە چی دایە؟ بۆ دەڵێین نەورۆزی کوردەواری ئایا ئەمە هەڵگری مانای تایبەتە؟**



**شەریف فەلاح:**

ئەگەر مەبەستت لە گرنگیی نەورۆز واتا گشتییەکەی بێت، جیا لەبارە سروشتییەکەی و بووژانەوەی ژیان، هەڵگری گەلێک واتایە، چونکە لە نەورۆزدا مرۆڤ دەبووژێتەوە، خوێنی نوێ دەگەڕێتەوە دەمارەکانی مرۆڤ، شینایی و کەسکیی سروشت و دڵڕفێنی و نوێبوونەوە گیانێکی دیکە بە بەر مرۆڤدا دەکات و بە جۆرێک مرۆڤ هەست بە دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە ژیان دەکات، ئەگەر مەبەستیشت گرنگیی نەورۆز لەلای کورد بێت، ئەوا دەبێ بڵێم کورد و نەورۆز و ئاگر و شۆڕش بە جۆرێک لێک گرێ دراون کە هیچ هێزێک ناتوانێ لێکیان هەڵاوێرێت، چونکە لە نەورۆزدا شۆڕشەکانی کورد دەبووژێنەوە، کورد هەست بە بوونی خۆی دەکات. کورد نەورۆز و راسانی سروشت بەهار و ژیان دەکات ئاخێزگەی شۆڕش و بەرخودان، بۆیە بەڕای من نەورۆز و گرنگگیەکەی لەلای کورد واتایەکی سیاسی و نەتەوەیی هەیە و دەبێ زۆر گرنگیی پێ بدات و دەتوانێ لەم ڕەهەندەوە زۆر کار بۆ بەرەوپێشبردنی شۆڕش و بزووتنەوە ڕەواکەی بکات. لەبەر ئەوەش دەڵێن نەورۆزی کوردەوای، چونکە هەموو هێما، توخم و واتا و نیشانە سەرەکییەکانی نەورۆز و ڕووداو و ئەفسانەکانی ئەم بۆنە دێرینە لە کوردستان ڕوویان داوە و لەم دەڤەرەوە بۆ ناوچە و کولتوورەکانی دیکە گوازراونەتەوە.

**عەلی لەیلاخ: وەکوو توێژەرێکی ئەدەبی، پێگەی نەورۆز لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینی؟**

**شەریف فەلاح:**

نەورزۆ لە سەرلەبەری ژیان و کایە سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و بەتایبەت ئەدەبییەکانی کورددا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە شاعیرانی کلاسیکی کورد بە تێکڕا ئاوڕیان لە نەورۆز داوەتەوە و لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا، نەورۆز بووەتە هەوێنی گەلێک شیعر، چیرۆک و تەنانەت ڕۆمان، من شاعیری کوردم پێ شک نایەت کە شیعری بۆ نەورۆز و سەرەتای بەهار نەبێت. بۆیە ئەگەر بمانەوێ نەورۆز لە ئەدەب و شیعری کوردیدا و چۆنیەتیی روانین و دیداگای جوانیناسانەی ئەدیب و نووسەرانی کورد هەڵسەنگێنین کات و دەرفەتێکی زۆری دەوێت، لەم دەرفەتە کورتەدا تەنبای ئەوە دەڵێم، نەورۆز لە شیعری کوردیدا پێگەی بەرزە و شاباڵی پەیڤی شیعری ساعیرانی کلاسیکی کوردە، چونکە نەورۆز لە شیعردا وەک هەوێن، ئاخێزگە وچەخماخە شاعیر و هۆنەر بۆ ناو دنیای هەست و سۆز پەلکێش دەکات، بۆیە نەورۆز خۆی دەقە شیعرێکی ڕەسەنە.



**ساماڵ ئەحمەدی:**

یەکێک لە خەسڵەتەکانی جێژن ئەوەیە، کە تێیدا زەمان مێژووی نییە. یان بە واتایەکی ڕوونتر، جێژن، خۆی داهێنەری زەمانە. واتە لە جێژندا ڕێکەوتێک یان ساڵوەگەڕی ڕووداوێک، نەک هەر بەرزڕادەگیرێ و دەنرخێنرێ، بگرە دووبارە دادەهێنرێتەوە؛ ئەو ڕووداوەی لە زەمانێکی دووری مێژووییدا ڕووی داوە، لە جێژندا تازەتازە دەست پێ دەکات، زەمانە دوورە مێژووییەکە دەبێتە ئێستایەکی تاهەتایی. نەورۆزیش جێژنێکە، هەرچەند لە لایەن گەلانی زۆر وڵاتی ئاسیاییەوە یادی دەکرێتەوە، بەڵام بۆ نەتەوەی کورد واتای خۆی هەیە. نەتەوەی کورد یەکێک لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی مێژووە. هەرچەند مێژووی نەتەوەی کورد، بەتایبەت لە سەردەمی نوێدا لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە شێوێندراوە، بەڵام سەرباری ئەوەش کۆمەڵێک سەربردە و ئوستوورە و ئەفسانەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە یەکێک لە ئوستوورەکانی نەتەوەی کورد ئوستوورەی نەورۆزە. واتە نەورۆز بۆ کورد جێژنێکی ئوستوورەییە. ئۆستوورەی نەورۆز لە لایەن کوردەوە چەندین گێڕانەوەی هەیە؛ ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەر و ئەژدیهاک (زەحاک)، ئوستوورەکانی ئایینی میترایی و ئاگرکردنەوە لە چەند ڕۆژێکی دە ڕۆژەکەی کۆتایی ساڵدا کە بە جێژنەکانی ‹‹فەروەردەکان›› ناویان هاتووە و چەندین ئەفسانەی دیکەی، کە باس لە پێوەندیی ژیانی مرۆڤی کورد بە سروشتەوە دەکەن. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لە سەرلەبەری ئەم گێڕانەوانەدا، زەمان مێژووی نییە، بگرە سەرەتایەکە، ساڵێکە، ڕۆژێکە، کە فڵان سەرەتا و فڵان ساڵ و فڵان ڕۆژ نییە، بگرە هەموو سەرەتاکان و هەموو ساڵەکان و هەموو ڕۆژەکانە و، دەگەڕێتەوە بۆ زەمانێک کە تێیدا هەموو بوارەکانی ژیان و هەموو شتەکان لە یەک چرکەدا دەست پێ دەکەن، واتە ژیان و واتای ژیان هەرئێستا، لەم جێژنەدا دەست پێ دەکات. نەتەوەی کورد لە سەردەمی نوێدا وڵاتی لێ داگیر کراوە، زمانی لێ قەدەغە کراوە، فەرهەنگەکەی وەبەر شاڵاوی لەنێوبردن دراوە، بەڵام خۆی بەدەست لەنێوچوونەوە نەداوە، ویستوویەتی خۆی ڕزگار بکات، بۆ ئەم هەوڵ و خەباتە چەندین هێمای فەرهەنگی و نەتەوەیی کردووەتە چەکی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران و قەڵاچۆکەران؛ یەکێک لەو هێمایانە، جێژنی نەرۆزە، کە تێیدا کورد زەمانی تاهەتایی هەبوونی خۆی زیندوو دەکاتەوە. لە ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەردا، کاوە داهێنەری زەمانی تاهەتایی ڕزگاربوونە لەژێر باری ستەم، بۆیە نەتەوەی کورد، خولقاندنەوەی کاوەی کردووەتە هێمای خولقاندنەوەی هێز و توانای ڕووخاندنی ستەم و ستەمکاری (هەرچەند گێڕانەوەی دژی ئەم گێڕانەوە باوە لەبارەی کاوەی ئاسنگەرەوە هەیە، کە دوواین پادشای کورد، ئەژدیهاکی ڕووخاندووە و…ئیدی). لە ئوستوورەکانی ئایینی میتراییدا ئاگر هێمای بەرەنگاربوونەوەی تاریکی و ستەمە، نەتەوەی کورد لە جێژنی نەرۆزدا بە کردنەوەی ئاگر، یەکەم چرکەی بەرەنگاربوونەی تاریکی دەبووژێنێتەوە و دەیکاتە چرکەی خەباتی تاهەتایی و ئێستایی لەدژی ستەم و تاریکی و داگیرکەری. بابەتەکە زۆری بە بەرەوە هەیە و لێرەدا لەمە زیاتر دەرفەت نییە لێی بدوێین، بەڵام گرینگترین هۆکاری گرینگایەتیی نەورۆز بە لای نەتەوەی کوردەوە، بە باوەڕی من ئەوەیە، کە کورد بە بەرزڕاگرتن و نرخاندنی نەورۆز دەیهەوێ، بوونی خۆی لە زەمانێکی تاهەتاییدا، واتە لە جێژنی نەرۆزدا بپارێزێت.

**پرسیار: بەرێزت وەکو قەڵەمبەدەستێکی کورد، پێگەی نەورۆز لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا چۆن دەبینن؟**

**سامال ئەحمەدی:**

ئوستوورەی نەورۆز لە ئەدەبیاتی کوردیدا مۆتیفێکی زۆر دیار و بەرچاوە. بەتایبەت لە ئەدەبیاتی بەرەگریی کوردیدا، وەکو لە سەرەوە باسم کرد، مۆتیفی نەورۆز، بەردەوام وەکو هێمای سەرهەڵدانەوە، بووژانەوە، ڕسکانەوە، تێهەڵچوونەوە و دەستپێکردنەوەی زەمانی تاهەتایی هەبوونی نەتەوەیی کورد و گەیاندنەوەی نەتەوەی کورد بە سەرەتاییترین و تاهەتاییترین چرکەی هەبوونی خۆی دەکارهێنراوە. تەنانەت لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا نەورۆز وەکو مزگێنیدەری بووژانەوە و هاتنەوەی فەرعانە، گەیشتنەوە بە ئەو کەس، شوێن یان چرکەیەی کە شاعیر لێی دابڕاوە، دەکار هێنراوە:

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن  
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن ‹‹**مەولەوی**››  
یان  
نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هینا  
موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا ‹‹**وەفایی**››  
یان  
تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ  
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ ‹‹**نالی**››

دیارە لە شیعری بەرگریی کوردیدا بە شێوەیەکی بەرچاوتر مۆتیفی نەورۆز وەکو هێمای لەدایکبوونەوە و ڕاپەڕینەوە و سەرهەڵدانەوەی چرکەی هەبوونی نەتەوەیی دەکار هێنراوە؛ شاعیرانی وەکو پیرەمێرد، قانع، دڵدار، هەژار، هێمن، هێدی، گۆران، عەبدوڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس و…

**عەلی لەیلاخ: گرینگی نەورۆز لەچیدایە؟بەرێزت وەکوو نووسەرێکی کورد چۆن دەروانیتە نەورۆزو کاریگەرییەکانی؟**

**ێ..مەحەمەدی:**

نەورۆز وشەیەکی سروشت مانابیە و توانیوویە بە جوانی ماناکەی خۆی بچەسپێنێ.

هەمیشە سروشت وەکوو مامۆستایەک وانەی بە گیانداران و بێ گیانان وتووتەوە و هیچ کام لە گیاندار و بێ گیان نەیانتوانیوە خۆیان لە ژێر کاریگەری نەورۆزدا بەدەربگرن.

بۆ هەموو گیانداران و بێ گیانان گرینگی نەورۆز لە زیندوو بوونەوەدایە، هەموو هێزێکی نوێی گیانبەخش دەگرن و دەست دەکەن بە ڕەو و باڵاکردن و نوێی بوونەوە؛ نوێی بوونەوەیەک کە بە تەواوی مانا نوێیگەری و خوڵقاتدنی شت و گیانی تازە و نوێییە.

نوێی بوونەوەیەک کە ئەتوانێ لە گەڵ ژیانی ساڵانی دوور و درێژی ڕابردوودا , زۆر جیاوازی بێت.

تەنانەت لە ڕەنگ و بۆن و بەرامەی گوڵ و گیا و چەند ڕەهەند بوونەوە لە سەر یەک ڕیشە ۆ بنەمادا , کە خۆدی ئەوەی وا لە پێشدا بووە دەپارێزدرێت بەڵام شتێکی کاریگەرتر دە خوڵقێت , ۆ کوو : درووست بوونی چەندین جۆر دەرمان و خۆراک و ڕازێنەری نوێی کە جیاوازی کارکرد و کارتێکردنیان دیار ۆ بەر چاوە.

ئەڵبەت هەر میللەتێک لە دوێی ئەوەدا دەگەرێت کە زۆر گرینگ بێت و بتوانێ گرینگا یی خۆی لە کارپێکردندا بخاتە بەر چاو.

بۆ میللەتی کورد ژیان و دەسەڵات و دەرهاتن لە ژێر دەسەڵاتی زاڵمانەی زۆر بێژاندا , گەلێک گرینگ بوونە.

چۆن جوغرافیای کوردستان هەر هەمووی دەکەوێتە ژێر کاریگەری نوێی بوونەوەی سروشت و هاتنی وەرزی بەهار ; هەر جۆرە ماناکردنەوە و نوێی بوونەوە بە جوانی بۆ خەڵکەکەی ڕوون دەبێتەوە و توانای تێفکرین و لێحاڵی بوونی بۆ هەموو تاک و کۆی کۆمەڵگای کوردی بەرچاو و کەڵک لێگیراوە.

میللەتان و تاکەکان هەمیشە و هەموو کاتێک لە دوای ویستە تاک و کۆیەکانی خۆیان گەڕاون و لەو بوونە سروشتییانە کەڵکیان وەر گرتووە.

کورد هێزێکی دەوڵەتی و دەسەڵاتدار بووە , دوای ئەوەی دەسەڵاتی وڵاتداری یان ناوچەیی خۆیانیان لە دەستداوە , ئیتر بۆ دووبارە گرتنەوەی دەسەڵاتی کوردی کەوتوونە تێکووشان و لە سروشت کە زۆرترین کاریگەری لە سەر چاو و هزری ڕاستەقینەی مرۆڤ هەیە کاریان کردووە و توانیویانە لە نەورۆز بۆ یەکگرتنەوەی نەتەوەیی کەڵک وەر بگرن.

چۆن سەرەتای ژیانەوەی ساڵ تێکۆشانی پڕ هەست و بزوێنەری هەیە و دەتوانێ لە سەر هەست و دەروونی مرۆڤەکان کاریگەری ئانی و کاتی هەبێت , بۆ کورد ئامرازێکی سروشتی زۆر بە هێزە کە خەڵکی خۆیی پێی ببەستێتەوە و لە هێما و شتە بەرچاو و هەست بزوێنەکانی بۆ یەکگرتنەوەی گەل کەڵک وەر بگرێت.

بە وتەی مامۆستا هێمن :»ئاژەڵداری و ژیانی کشتوکاڵی گەلی کورد بە گشتی کە لە ناوچەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا دەژین « گەورەترین هۆکار بووە بۆ کردنەوەی ئاگر و بەرپاکردنی شایی و درووستکردنی بۆنەیەکی میللی بۆ میللەتی کورد.

بە ڕای من هەر بۆنەیەک , هەر نیشانە و شتێکی سروشتی کە بتوانێ بۆ یەکخستنی میللەت کەڵکی لێی بگیردرێت , ئەتوانێ باشترین هۆکار و یارمەتیدەر بێت یەکخسنەوەی گەل و خەڵکی کورد.

مۆرتین ئەڵێت: «سروشتی مرۆڤی ئێرانی مردنی نییە و نەمریی باوەڕە کۆنەکان لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئێرانییە. «

بە پێی ئەم بۆچوونە , نەورۆز یەکێک لە گرینگترین نەریتە سروشتییەکانی جوغرافیای کوردستانە و قەتیش لە ناو ناچێت.

چۆن نەو رۆز هەتا جوغرافیا کوردستان وەها بێت , هەر دەمێنێتەوە , کوردیش دەبێ بە پێی زانستی دەروونناسی, کۆمەڵناسی, فەرهەنگی و ژیاری میللی , کەڵکی ڕەوا و درووستی لێبگیردرێت و نەتەوەی خۆیی بۆ ڕێک بخرێ.

چۆن گەورەترین کەڵکەڵەی گەلی کورد درووستکردنی دەوڵەت و وڵاتی یەکگرتوو و ئاڵادار بووە , هاتنی ساڵی نوێی و ئاڵوگۆڕی کەش و هەوا و جوغرافی ناوچەکە بووە بابەتێکی کەڵک لێگراو بۆ گەلی کورد.

شاعیران و نووسەرانی کوردیش ئەمە هەلەیان بە جوانی لە پێش چاو گرتووە و بۆ یارمەتیدانی گەل و نەتەوە کەڵکیان لە سروشت وەر گرتووە و یەکگرتنی نەتەوەییان کردووە دروشمی خۆیان و لە شێعر و نووسیندا بە کاریان بردووە.

بەهار و جوانییەکانی سروشتیش بووە هەوینی شێعر و نووسراوەی شاعیرانی کورد.

هەر وەک چۆن سروشت گەرایی (ناتورالیستی) لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠دا شێوازێکی فەلسەفی و ئەدەبی باو بووە؛ ئەم شێوازە کەڵک گرتنە لە سروشت لە نێو هەموو گەلاندا و گەلی کوردیشدا , هەمیشەیی و هەتاهەتاییش ئەبێت.

شاعیران و نووسەرانی کوردیش لە سەرەتای نووسیندا و پێموایە هەتا هەتاییش‌دا هەر لە سروشت وبەهار کەڵک وەردەگرن و لە شێعر و نووسینیشیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

نەورۆزیش گەورەترین ئامێر و هێزی سروشتە کە دەتوانێ ڕۆحی نەتەوەیی لە گیانی گەلی کورددا بنەخشێنێ و کورد زیندوو بکاتەوە.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:676 22 March 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

**ئەمسالیش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک سالانی ڕابردوو لە پێشوازی ساڵی نوێی هەتاوی و ڕێورەسمەکانی نەورۆزدا نیشانیان دا کە هیچ هێز و دەسەڵاتێک ناتوانێ ئەوان لە تێکۆشان بۆ زیندووڕاگرتنی داب ونەریتی کۆن و کوردانەی نەورۆز و بە گشتی خەبات بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان بوەستێنێ. ئەم دیمەنانە گۆشەیەکی بچووکن لە هەست و سۆزی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە نەورۆزی ئەمساڵدا**


بۆکان - گۆشتەپە


گوندەویڵەی


مەریوان


کامیاران


تەنگیسەر


مەرگەوەڕ



پاڵنگان


حەسەننوران



داڵاهۆ


سەردەشت


سێستری نۆدشە


داڵاهۆ



هەنیمەن


میۆانداری نەغەدە


نەستان


کۆیە - بنکەی دیمۆکڕات


کامیاران